International
Labour
Organization

Funded by
the European Union

# فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ مووچە لە کەرتی کشتوکاڵدا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق



# فراوانکردنـــی دەســـتەبەری کۆمەڵایەتـــی بـــۆ کرێکارانی ســـەربەخۆ و کرێکارانـــی خێزانی بێ مووچـــە لە کەرتی کشـــتوکاڵدا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردســـتانی عێراق

© حقوق النشر محفوظة لمنظمة العمل الدولية 2025

الطبعة الأولى 2025

هـذا العمـل مرخـص بموجـب ترخيـص المشـاع الإبداعـي نسـب المصنـف 4.0 دولـي. انظـر الموقـع التالـي: creativecommons.org/licences/by/4.0. ويمكـن للمسـتخدم إعـادة اسـتعمال أو مشـاركة (نسـخ وإعـادة توزيـع) وتكييـف (إعـادة مـزج وتحويـل والاسـتناد إلى العمـل الأصلـي) كمـا هـو مفصـل فـي الترخيـص. ويجـب على المسـتخدم أن يذكـر منظمـة العمـل الدوليـة بوضـوح باعتبارهـا مالكـة العمـل الأصلـي وأن يشـير إلى مـا إذا تـم إجـراء تغييـرات عليـه. لا يُسـمح باسـتخدام رمـز واسـم وشـعار منظمـة العمـل الدوليـة فيمـا يتعلـق بالترجمـات أو التعـديلات أو غيرهـا مـن الأعمـال المشـتقة.

الإسـناد - يجـب على المسـتخدم الإشـارة إلى مـا إذا كان قـد تـم إجـراء تغييـرات ويجـب أن يستشـهد بالعمـل على النحـو التالـي: توسـيع نطـاق الضمـان الاجتماعـي ليشـمل العامليـن لحسـابهم الخـاص والعمّـال المسـاهمين فـي الأسـرة بـدون أجـر فـي القطـاع الزراعـي فـي العـراق الفدرالـي وإقليـم كوردسـتان العـراق ، جنيـف: مكتـب العمـل الدولـي، 2025. © منظمـة العمـل الدوليـة.

الترجمـات - فـي حالـة ترجمـة هـذا العمـل، يجـب إضافـة نـص إخلاء المسـؤولية التالـي إلى الإسـناد: هـذه ترجمـة لحقـوق الطبـع والنشـر الخاصـة بمنظمـة العمـل الدوليـة. ولـم يتـم إعـداد هـذه الترجمـة أو مراجعتهـا أو المصادقـة عليهـا مـن جانـب منظمـة العمـل الدوليـة ولا ينبغـي اعتبارهـا ترجمـة رسـمية لمنظمـة العمـل الدوليـة. وتخلـي منظمـة العمـل الدوليـة مسـؤوليتها الكاملـة عـن محتواهـا ودقتهـا. وتقـع المسـؤولية على عاتـق صاحـب (أصحـاب) الترجمـة فقـط.

التعـديلات - فـي حالـة تعديـل هـذا العمـل، يجـب إضافـة نـص إخلاء المسـؤولية التالـي إلى الإسـناد: هـذا تعديـل لعمـل محمـي بحقـوق الطبـع والنشـر لمنظمـة العمـل الدوليـة. ولـم يتـم إعـداد هـذا التعديـل أو مراجعتـه أو المصادقـة عليـه مـن جانـب منظمـة العمـل الدوليـة ولا ينبغـي اعتبـاره تعـديلاً رسـمياً لمنظمـة العمـل الدوليـة. وتخلـي منظمـة العمـل الدوليـة مسـؤوليتها الكاملـة عـن محتـواه ودقتـه. وتقـع المسـؤولية على عاتـق صاحـب (أصحـاب) التعديـل فقـط.

مـواد صـادرة عـن طـرف ثالـث - لا ينطبـق ترخيـص المشـاع الإبداعـي هـذا على المـواد المحميـة بحقـوق الطبـع والنشـر غيـر التابعـة لمنظمـة العمـل الدوليـة والـواردة فـي هـذا المنشـور. إذا كانـت المـادة مسـندة إلى طـرف ثالـث، فـإنّ مسـتخدم هـذه المـواد هـو المسـؤول الوحيـد عـن الحصـول على الأذونـات اللازمـة مـن صاحـب الحقـوق وسـيكون وحـده المسـؤول عـن أي انتهـاك مزعـوم.

أي نـزاع ينشـأ بموجـب هـذا الترخيـص ولا يمكـن تسـويته وديـاً يحـُال إلى التحكيـم وفقـاً لقواعـد التحكيـم الخاصـة بلجنـة الأمـم المتحـدة للقانـون التجـاري الدولـي (الأونسـيترال). ويلتـزم الطرفـان بـأي حكـم يصـدر نتيجـة لهـذا التحكيـم باعتبـاره الحكـم النهائـي لمثـل هـذا النـزاع.

لمزيـد مـن التفاصيـل بشـأن الحقـوق والتراخيـص يرجـى التواصـل عبـر البريـد الإلكترونـي: rights@ilo.org. وللحصـول على مزيـد مـن التفاصيـل حـول منشـورات منظمـة العمـل الدوليـة والمنتجـات الرقميـة، يرجـى زيـارة الموقـع التالـي: www.ilo.org/publns

ISBN: 9789220419687 (web PDF).

متوفر ايضًا:
اللغة الانجليزية

Extending social security to own-account workers and unpaid family workers in the agriculture sector in Federal Iraq and the Kurdistan Region of Iraq
ISBN: 9789220419663 (web PDF)
DOI: https://doi.org/10.54394/PIIK1285

اللغة العربية
توسيع نطاق الضمان الاجتماعي ليشمل العاملين لحسابهم الخاص والعمّال المساهمين في الأسرة بدون أجر في القطاع الزراعي في العراق الفدرالي و إقليم كوردستان العراق

ISBN: 9789220419670 (web PDF).

إن التسـميات المسـتخدمة فـي منشـورات وقواعـد بيانـات منظمـة العمـل الدوليـة، والتـي تتوافـق مـع ممارسـات الأمـم المتحـدة، وعـرض المـواد الـواردة فيهـا، لا يعنـي بالضـرورة التعبيـر عـن أي رأي مـن جانـب منظمـة العمـل الدوليـة بشـأن الوضـع القانونـي لأي بلـد أو منطقـة أو إقليـم أو سـلطاته، أو بشـأن ترسـيم حـدوده. انظـر: www.ilo.org/disclaimer.

الآراء ووجهـات النظـر الـواردة فـي هـذا المنشـور هـي آراء المؤلفيـن، ولا تعكـس بالضـرورة آراء أو وجهـات نظـر أو سياسـات منظمـة العمـل الدوليـة.

إن الإشـارة إلى أسـماء الشـركات والمنتجـات والعمليـات التجاريـة لا تعنـي بالضـرورة تأييـد منظمـة العمـل الدوليـة لهـا، وأي إغفـال لذكـر شـركة أو منتـج تجـاري أو عمليـة معينـة لا يُعـدّ علامـة على عـدم الموافقـة.v

صورة الغالف: © ميثاق الخطيب/ منظمة العمل الدولية

**ڕەتکردنەوەی بەرپرسیاریەتی: ئەم بڵاو کراوەیە بەپاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا بەرهەم هێنراوە. ناوەڕۆکەکەی تەنها بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە و مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانی یەکێتی ئەوروپا بێت**

# سوپاس و پێزانین

ئـەم ڕاپۆرتـە لـە چوارچێوەی هەوڵـە هاوبەشـەکانی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی (ILO) و پەیمانـگای گەشـەپێدانی دەرەوەی وڵات (ODI) بەرهـەم هێنراوە، کـە لـە چوارچێوەی بەرنامـەی پاراستنـی کۆمەڵایەتـی بۆ عێراق: " جەختـکردن لـە وەڵامدانـەوەی کاریگـەر و خێراکردنـی چاکسـازی" کـە لەلایـەن یەکێتـی ئەورووپـاوە پشتـگیری دارایـی کراوە

ئـەم ڕاپۆرتـە لەلایـەن ئـایرین سێـلوانێس، پرۆفیسۆری یـاریدەدەری ئـابووری لـە کۆلێژی ئـابووری و زانستـە سیاسیـەکان لـە زانکۆی قـاهیرە لـە میسر و ئەندامـی توێژەر لـە کۆربـەندی توێژینـەوەی ئـابووری و ڕاوێژکاری پەیمانـگای گەشـەپێدانی دەرەوەی وڵات؛ موسـلیح ئیروانـی، پرۆفیسۆری یـاریدەدەری کۆمەڵایەتـی و سیاسـەتی گشتـی لـە زانکۆی ئەمریکـی لـە عێراق ؛ و مـارتن ئیڤـانز، توێژەری بـاڵا لـە گەشـەپێدان و دارایـی گشتـی لـە پەیمانـگای گەشـەپێدانی دەرەوەی وڵات ئامـادەکراوە. لـە ژێر بەرپرسیارێتـی گشتـی و دڵنیایـی جۆری مەهـا قەتـاع، پسپۆڕی بـاڵای خۆڕاگری و وەڵامدانـەوەی قەیرانەکان/ڕێکخـەری وڵاتیـی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی لـە عێراق، ڕاپۆرتەکـە سوودی لـە زانیـاری تەکنیکـی و بـەشداری بەنرخـی ئیـگور بۆسك، سـەرۆکی ڕاوێژکاری تەکنیکـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی/عێراق) و کارینـا لیڤینـا، بەرپرسـی تەکنیکـی پاراستنـی کۆمەڵایەتـی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی/عێراق)، ویسـام ئەلبەهادیلـی، بەرپرسـی تەکنیکـی بەڕێوەبردنـی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی/عێراق)، محەمـەد فەرمـان، بەرپرسـی پرۆژەی نیشتمانـی پاراستنـی کۆمەڵایەتـی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی/عێراق) و تـەیف ئەلواچـی، بەرپرسـی پرۆژەی نیشتمانـی پاراستنـی کۆمەڵایەتـی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی/عێراق) وەرگرتووە

کلێر پێدریك پێداچوونـەوەی زمانـی ئینـگلیزی توێژینەوەکـەی کردووە. کۆمپانیـای نۆرس لەیـک توێژینەوەکـەی وەرگێراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی و کۆمپانیـای تـەرزین وەریـگێراوە بۆ زمانـی کوردی. سولەیمـە غورەیب بوستانـی پێداچوونـەوەی زمانـی عەرەبـی توێژینەوەکـەی کردووە و خـالد حسین پێداچوونـەوەی زمانـی کوردی توێژینەوەکـەی کردووە. ئیلێنـا بۆبرۆڤیـچ بـەڕێوەبردن دیزاینـی گرافیکـی دابین کرد، لەوانـەش دیزاینـی بـەرگ و تـاێپکردن
توقـا رەماحـي و رغدة محـي بـەڕیوەبردن و گرافیـک دیزاینیـان دابین کردووە ،لەوانـەش دیزان کردنـی بـەرگ و تاێپـکردن

# 1

# پێشەکی

# ◄ پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە بۆ داڕشتنی ڕێسایە لەسەر فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ مووچە لە کەرتی کشتوکاڵدا لە عێراق – کە لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدێت. ئەمە یەکێکە لە سێ ڕاپۆرت کە لە پرۆژەی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئامادەکراون، کە لەلایەن ئۆفیسی وڵاتی عێراقی سەر بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کاری بۆ کراوە.

**ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە سێ لایەنەیە. هەوڵ دەدات بۆ:**

- ◄ دیاریکردنی بەڵگەی چەندایەتی لەسەر تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ کرێ لە کەرتی کشتوکاڵدا، هەروەها بەڵگەی چۆنایەتی لەسەر پێداویستییەکانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە مافەکانی بەرنامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت.
- ◄ دەستنیشانکردنی شێوازەکان بە کرداریی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ مووچە لە کەرتی کشتوکاڵ لە عێراقدا، کە پەیوەندی نەك تەنها بە چاکسازی یاسایی و ڕێساکانەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموارکردنی یاساکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ڕێکارەکانی دامەزراوەکان ، هەوڵەکانی هۆشیاری و پەیوەندیکردن، بەهێزکردنی توانای جێبەجێکردن، دامەزراندنی هاریکاری و هاوبەشی لەگەڵ لایەنە حکومییەکانی تردا هەیە. هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی تێچوون و پارەدارکردن و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی بەشدار نین.
- ◄ پێشکەشکردنی ڕێنمایی لە ئاستی باڵادا سەبارەت بە بژاردە لەپێشینەکان بۆ بەرەوپێش بردنی ستراتیژی نیشتمانی سەبارەت بە فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ کرێ لە کەرتی کشتوکاڵدا.

**دوو جۆر و سەرچاوەی بەڵگە بە سەرەکی دادەنرێن::**

- ◄ کۆمەڵێك پرۆفایل کە وەسفی تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی خێزانی بێ کرێ لە کەرتی کشتوکاڵیان تێدایە. ئەمانە لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییەوە لە زانیاری تایبەتی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 بەرهەم هاتوون (CSO و ئەوانی تر 2022)
- ◄ داتای نوێی چۆنایەتی سەبارەت بەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە مافەکان لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئاڵنگارییانە هەڵدەسەنگێندرێن کە ڕووبەڕووی بەرێوەبەرایەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە لە فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ ئەم کرێکار و خاوەنکارانە. ئەم داتایانە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی (KII) و لە ڕێگەی گفتوگۆی گرووپی سەرنجی (FGD) لەگەڵ کرێکاران و خاوەنکارەکان بەدەستدەهێنرێن.

[1] لەم ڕاپۆرتەدا دەستەواژەی «عێراق» ئاماژە بە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات. «عێراقی فیدراڵ» بە تایبەتی ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچەیە کە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) وەك هەرێمێکیخۆبەڕێوەبەر لە بەشی باکووری وڵاتدا دانی پێدانراوە

هۆکاری پێکهاتەیی ئاست بەرز بۆ قورسی بازاڕی کار لە عێراقدا هەیە کە فەرمیبوون و نافەرمیبوون دیاری دەکات و بەم پێیەش کاردەکاتە سەر 'تۆمارکردنی' کرێکاران و خاوەنکارەکان لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. ئەم بارودۆخانە کاریگەرییان لەسەر هەلی کار هەیە بە گشتی، و هەلی کاری کشتوکاڵیی بە تایبەتی

لە عێراقدا، مەرجەکانی دەستگەیشتن بە سیستەمی ئێستای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، واتە لەسەر بنەمای کاری فەرمی، نزیکەی هەر هەمووی پەیوەستە بە دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا (Angel-Urdinola and Tanabe 2012؛ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021)، کە شانبەشانی ئیدارەی گشتی نزیکەی لەسەدا 38 ی هێزی کار و کۆمپانیا گەورەکانی سەر بە دەوڵەت لە خۆ دەگرێت (CSO و ئەوانی تر 2022)
ئەم مێژووی دامەزراندنە لە کەرتی گشتیدا دابەشکردنێکی گرنگ لە بازاڕی کاری عێراقدا نیشان دەدات لە نێوان دامەزراندنە گشتیەکان، کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، و کاری کەرتی تایبەت کە زۆر نافەرمییە (Assaad 2014; Hertog 2022). بەهۆی باڵادەستی کەرتی گشتی و خراپی ڕێکخستن و حوکمڕانییەوە، کەرتی تایبەت ٪62 ی کارەکان پێکدەهێنێت و کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکان کە نافەرمیبوون بەسەریاندا زاڵە و زۆربەی کرێکاران ڕوومالّی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەر سێ کرێکارێکدا لە عێراق دوو کرێکار کارەکەیان نافەرمییە (CSO et al. 2022). لە مێژوودا، پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی دەستەبەر بۆ کرێکارانی کەرتی گشتی داڕێژراون و بە تێپەڕبوونی کات فراوان کراون بۆ ئەوەی کرێی کرێکارانی کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە. بەڵام شێوازەکانی کار لە کەرتی تایبەت لە عێراقدا کە بەرفراوانتر بوونە، هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، یان لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی دوور خراونەتەوە یان لەسەر بنەمای خۆبەخشانە دادەنرێن(Nimeh و ئەوانی تر 2023). ئەم شێوە کارانە بریتین لە کرێکارانی کاتی و نایاسایی، کرێکارانی ڕۆژانە و کرێکارانی سەکۆ، کارمەندانی سەربەخۆ و کرێکارانی سەربەخۆ (کە ناو تۆمارکردنیان لە زۆربەی پلانەکاندا خۆبەخشانەیە)، کرێکاری ناوماڵ و ئەندامانی بەشداربوی کاری خێزانی. ئەمە لە کەرتی کشتوکاڵدا بەمجۆرەیە، کە زۆربەی کارەکان بریتین لە کاری سەربەخۆ و بەشداریکردن لە کاری خێزانی، بەپێی زانیارییەکانی ئەم دواییەی ڕووپێوی هێزی کار (LFS). سەرباری ئەوەش، کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە بەرزترین ڕێژەی کرێکارانی کەم کرێ، کە لەسەدا 72 وەك کرێکاری کەم داهات پۆلێنکراون (CSO و ئەوانی تر 2022). بۆیە پێشبینی دەکرێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی کرێکاری هەژار لەم کەرتەدا، هەندێك لە کرێکارانی کشتوکاڵ مافی یارمەتی کۆمەڵایەتی یان تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SSN) وەربگرن. بەڵام تۆمارکردن لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بووەتە هۆی دوورخستنەوەی ئۆتۆماتیکی ئەو جۆرە کرێکارانە لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش وایکرد کە ببێتە ساردکەرەوەیەکی بەرچاو کە کرێکاران خۆیان لە سیستەمی بەشداریکردندا ناونووس نەکەن. هەروەها ئەو کرێکارانەی کە لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمارکراون، باجی داهاتیشیان لەسەر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی فشاری زیاتر لەسەر سەرچاوە داراییەکانیان و لەوانەیە ئاستی هەژارییان قوڵتر بکاتەوە

هۆکارێکی پێکهاتەیی دیکەی نافەرمیبوون لە بازاڕی کاری عێراقدا بریتییە لە دوودڵی خاوەنکارەکان لە ڕوماڵکردنی کرێکارەکانیان (کازم 2022). سندوقە جیاوازەکان کە بۆ پلانە جیاوازەکانی دەستەبەر دانراون (کرێکارانی کەرتی گشتی، کرێکارانی خوێندنی باڵا و کرێکارانی سەربازی) نوێنەرایەتی بەربەستێکی دیکە دەکەن لە بەردەم فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، کە دەبێتە هۆی نەبوونی گواستنەوەو گواستنەوەو بەشداریکردن گواستنەوەو بەشداریکردن لە نێوان پلانەکاندا، بەمەش ڕێگری لە جووڵەی بازاڕی کار و تەرخانکردنی کاریگەرانەی سەرچاوەکان دەکات (کازم 2022). لە کاتێکدا کە پێشبینیەکان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی سندوقی خانەنشینی کەرتی مەدەنی و سەربازی و تایبەت پەرەیان سەندوە، سندوقی نوێ دامەزراوە کە گواستنەوەی جیاوازی

لە نێو پرسیارە توێژینەوەکانی داهاتوودا، خەمڵاندنی ڕێژەی سوودمەندبوونی کرێکاران لە تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی بەپێی کەرتی دامەزراندن، بە پشتبەستن بە داتاکانی دوایین ڕاپرسی هێزی کاری عێراقی، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا ئەمە بەربەستێکە لەبەردەم تۆمارکردنیان لە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا

کار و جیاوازی گەورەی یارمەتی خانەنشینی و میکانیزمەکانی شایستەبوونی سنووردار کردووە و ئەمەش بووەتە کۆتوبەند (کازم 2022). بەربەستێکی پێکهاتەیی دیکە لەبەردەم ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، ناڕوونی سروشتی ئەو کردارانەیە کە سندوقی خانەنشینی کرێکاران لەسەری دامەزراوە، و پەیوەندی توانای پێدانی دەستەبەری نێوان مووچە خانەنشینییەکان و کۆکردنەوەی بەشدارییەکان و داهاتی گەڕاوە لەسەریان و داهاتی گەڕاوەی وەبەرهێنانە. بەربەستێکیی تر پەیوەندی بە لاوازی توانای جێبەجێکردنی یاساوە هەیە، کە جێبەجێ نەکردنی کاریگەرانەی یاسای کار لە کەرتی تایبەتدا وا دەکات هەموو ئەو کرێکارانەی کە یاساکە نایانگرێتەوە، ڕووبەڕووی پێشێلکردنی مافەکانیان ببنەوە - بەتایبەتی ژنان (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021). هەروەها، پاشماوەی ململانێ وایکردووە متمانە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت کەم ببێت، کە پەیوەندییان بە خزمەتگوزاری بە کوالیتی خراپ و ئاستی بەرزی گەندەڵییەوە هەیە. ڕاپۆرتی بارۆمیتەری عەرەبی 2022 سەبارەت بە هەڵوێستی عێراقییەکان دەریخستووە کە "کەمتر لە نیوەی هاووڵاتیان متمانەیان بە دامەزراوە گشتییەکانی تر هەیە. دوای دوو مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، تەنها 19٪ ی عێراقییەکان دەڵێن متمانەیان بە پەرلەمان هەیە، (26٪) متمانەیان بە حکومەتی نیشتمانی هەیە، (33٪) بە حکومەتی خۆجێی، و (40٪) بە سیستەمی یاسایی." هەموو ئەم هۆکارانە پێکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کاری کاتی و کاری ناسەلامەت پەرە بسێنن

دوای ئەم پێشەکییە، بەشی دووەم، کورتەیەك لە کەرتی کشتوکاڵ و هۆکارە سەرەکییەکانی نافەرمیبوون لە بازاڕی کار دەخاتە ڕوو کە کاریگەرییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵیش هەیە. پاشان لە بەشی سێیەمدا شیکاری وەسفکەری تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان لە کەرتی کشتوکاڵدا، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021، دەخرێنەڕوو. بەشی چوارەم باس لە ئەنجامە چۆنایەتییەکان دەکات لەسەر بنەمای کاری مەیدانی، لەوانەش ئاستەنگی سەرەکی بۆ ناو تۆمارکردن و تێڕوانینی کرێکاران سەبارەت بە بایەخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بەشی پێنجەم بە بە چارەسەرە پێشبینی کراوەکان بۆ ئاستەنگەکانی چارەسەر بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم پێشخستنی ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت، کە پشت بە دەرەنجامە شیکاریە چۆنایەتییەکان دەبەستێت

# 2

## پێشینە: کەرتی کشتوکاڵ

# پێشینە: کەرتی کشتوکاڵ

ڕۆڵی کەرتی کشتوکاڵ، چ لە ڕووی دابینکردنی کەرەستەی خاو کە پێویستی پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانە و چ لە ڕووی دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ دانیشتووان، لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە، بە پلەی یەکەم بەهۆی دەیان ساڵەی ململانێ و سزاکانەوە بووە (یونسکۆ 2019؛ بانکی جیهانی 2018)

وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری، خراپبوونی بڕ و کوالیتی سەرچاوەکانی ئاو، پەرەسەندنی بەبیابانبوون لە ئەنجامی کەمی باران و بڵاوبوونەوەی سوێری، هەموویان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی هەبووە. سەرباری ئەوەش بازاڕی بەرهەمە ناوخۆییەکان بەهۆی نالەباری نرخی ئاڵوگۆڕ و بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی ناوخۆییەوە خراپ بووە (کازم 2022؛ بانکی جیهانی 2018). سیاسەتە کشتوکاڵییەکان (بۆ نمونە پشتگیری کردنی جوتیاران بە دانەوێڵە و ئامێر)

و سیاسەتەکانی ئاو (وەك وەبەرهێنان لە ئاوی کوالیتی بۆ ئاودێری) لە وەڵامدانەوەی ئەم ئاستەنگانەدا لاواز بوون (یونسکۆ 2019). پشکی کەرتی کشتوکاڵ لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتیدا (GDP) لە 8.32% لە ساڵی 2003 دا (کازم 2022) بۆ 4.7% لە ساڵی 2020 دا (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023a) دابەزیوە. شایەنی باسە دابەزینی ئاستی چالاکی کشتوکاڵی عێراق گۆڕانی بەرەو پێکهاتەی کەرتی بەرهەمدارتر لەگەڵ خۆی نەهێناوە، نە ڕێژەی تێکڕای بەرهەمهێنانی کار بۆ هەر تاکێك بەرز بووبێتەوە، چونکە وەبەرهێنان بە پلەی یەکەم لەسەر کەرتی نەوت چڕ بووەتەوە (بانکی جیهانی 2018؛ Araji and Fakih 2019؛ یۆنسکۆ 2019). لە کاتێکدا کشتوکاڵ لە ساڵی 2020 دا بەشداری لە ٪4.7 ی بەرهەمی ناوخۆیی کردووە، بەڵام بەپێی ڕووپێوی هێزی کاری 2021 لەسەدا 8 ی هێزی کاری بەکارهێناوە، ئەمەش بارگرانییەکی زیاتری خستۆتە سەر ئەم کەرتە کە تادێت لاوازتر دەبێت

توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بازاڕی کاری عێراق ئاماژە بە توانای کەرتی کشتوکاڵ دەکەن بۆ بەشداریکردن لە ڕەخساندنی کار لە ڕێگەی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، هەروەها لە ئاسایشی خۆراك بۆ دانیشتوانی عێراق (کازم 2022؛ یونسکۆ 2019؛ بانکی جیهانی 2018). بەڵام ئەم کەرتە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووتەوە کە دەبێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنرێت. هەر هەلی کارێکی زیادە کە لە کشتوکاڵدا دروست دەبێت، مەزەندە دەکرێت کە 0.8% ی زیادەی هەلی کاری ناکشتوکاڵی لەگەڵ خۆی بهێنێت، لە کاتێکدا زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی کەرتی کشتوکاڵ بە ڕێژەی لەسەدا یەك دەبێتە هۆی زیادبوونی کۆی گشتی دامەزراندن بە ڕێژەی 1.2%، بە بەراورد بە 0.35% بۆ کەرتی پیشەسازی (Jongerden و ئەوانی تر 2019). بەڵام کەمی بەرهەمهێنان ئاستەنگێکی جدییە بۆ گەشەی کەرتەکان (Jongerden et al. 2019). چەندین هۆکار بەشدارن بۆ ئەم دۆخە، لەوانە لاوازی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا. سنووردداربوونی دەستگەیشتن بە دارایی لە سنووررداری قەرزی کشتوکاڵی ڕەنگدەداتەوە کە لەلایەن بانکی ناوەندی و بانکی کشتوکاڵییەوە پێشکەش دەکرێن، بنەتۆوی کوالیتی خراپ کە لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا بەردەستە، پەینی بەسەرچوو، و ڕێژەیەکی کەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ڕێگە لە جوتیارانی ڕووبەری بچووك دەگرن کە بەرهەمدارتر بن. هەژاری و ئاستی نزمی خوێندن بێتوانایی جوتیارانی ڕووبەری بچووك خراپتر دەکەن لەوەی وەبەرهێنان لە فێربوونی کارامەیی نوێ یان وەرگرتنی تەکنەلۆژیای نوێ بکەن، کە ڕەنگە نرخی گران بێت و هەروەها مەترسیدارتر بێت. بەڵام بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆئەوەی بەرهەم و دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنرێت، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە قەرەبووی ئاستی نزمی کارامەیی دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان هەیە

بارۆمێتری عەرەبی بۆ ساڵی (2022) - دانیشتنی حەوتەم، ڕاپۆرتی دەوڵەتی عێراق، ل. 14.

بەهۆی کەلێنێکی گەورە لە ڕووماڵکردنی یاساییدا، کەرتی کشتوکاڵ تارادەیەکی زۆر نافەرمی بووە. زۆربەی کرێکارانی کشتوکاڵی – بە شێوەیەکی سەرەکی کرێکارانی سەربەخۆ (کرێکاری کاری خۆی) و کرێکاری خێزانی بێ کرێ – لە بڕگەکانی یاسای کار (یاسای کار ژمارە 37 ی ساڵی 2015) و ڕەشنووسی پرۆژە یاسای کاری هەرێمی کوردستان (لە ئەیلوولی 2021) بێبەش کراون (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021؛ کازم 2022). ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کرێکاری بێ کرێ و کرێکاری خۆبەخش لە پێناسەکانی کرێکار و خاوەنکاردا جێیان نابێتەوە کە یاسای کار بەکاری دەهێنێت (بۆ پێناسەی کرێکار و خاوەنکار لە سایەی یاسای کاردا بڕوانە خانەی یەکەم)

### ◄ خانەی 1. پێناسەی کرێکار و خاوەنکار لە یاسای کاردا

"کرێکار" لە هەردوو یاسای کار و ڕەشنووسی یاسای کاری هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە پێناسە کراون: "هەموو کەسێکی سروشتی، چ نێر بێت یان مێ، کە لە ژێر ڕێنمایی و چاودێری و کۆنترۆڵی خاوەنکارێکدا کاردەکات"، و بوونی ئەم پەیوەندییە یاساییە پشت بە بوونی ڕاستەقینەی پەیوەندییەکە دەبەستێ. "کار" هەر هەوڵێك دەگرێتەوە کە کرێکار لە بەرامبەر کرێ دەیدا، جا چ "هەمیشەیی، پچڕ پچڕ، کاتی یان وەرزیی" بێت. "کرێ" بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کە "هەر بڕە پارەیەك یان سوودێك بە کرێکار بدرێت لە بەرامبەر هەر کارێکدا کە ئەنجامی دەدات". سەبارەت بە پێناسەی "خاوەنکار" بەپێی یاساکانی کار، بە بەرفراوان دادەنرێت و هەر کەسێك دەگرێتەوە کە " کەسێکی سروشتی یان کەسی یاسایی کە کار بە یەك یان چەند کرێکارێك دەکات لە بەرامبەر کرێیەک کە هەر جۆرێک بێت" (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021)

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 18 ی ساڵی 2023 کە بەم دواییانە لەلایەن عێراقی فیدراڵەوە پەسەند کرا (بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە) کۆتایی بەم بۆشاییە یاساییە بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ هێنا. دیارترین لایەنەکانی یاسا نوێیەکە (ژمارە 18 ی ساڵی 2023) بریتییە لە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانە بۆ گەیشتن بە توێژی زیاتری کرێکاران، لەوانەش کرێکاری سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان (ئەوانەی کەرتی کشتوکاڵیش دەگرێتەوە) (ESCWA 2024). یاسا نوێیەکە کە تەنها لە عێراقی فیدراڵدا جێبەجێ دەکرێت، ڕێژەی بەشداریکردنی بۆ کرێکارانی نافەرمی دیاریکردووە کە لەسەدا 5 لەلایەن کرێکارەوە دەدرێت و لەسەدا 15 لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت. وردەکاری و ڕێنمایی زیاتری پەیوەست بە جێبەجێکردنی ئەم ڕووماڵە ئارەزومەندانەیەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەلایەن وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێت، لەسەر بنەمای پێشنیارێکی دەستەی بەڕێوەبەری سندوق

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، یاسای کارپێکراوی ئێستا یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران (ژمارە 39 ی ساڵی 1971) و هەموارەکانی یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 کە دان بە مافی کرێکاری سەربەخۆ و نافەرمی و بێ بەڵگەنامە لە کەرتی تایبەتدا دەنێت لە ڕێگەی تۆمارکردنیان لە سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. یاساکە هەموو کرێکاران دەگرێتەوە، جگە لە چوار پۆلی دیاریکراو نەبێ: کارمەندانی کەرتی گشتی؛ کرێکارانی ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی و شاندە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا؛ کارمەندانی ئەو کۆمپانیایانە کە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە؛ و ئاسایش و هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە). لە هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ساڵی 2012 دا ڕێکار و ڕێژەی بەشداریکردن دیاری نەکراوە، ئەوەش بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران جێدەهێڵێت کە ڕێنمایی و ڕێنوێنی ورد بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بخەنەڕوو. تا ئێستا بڕگەکانی یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 جێبەجێ نەکراون

ئەو سنووردارکردنانەی پێشتر باسمان کرد بە پلەی یەکەم عێراقی فیدراڵی دەگرێتەوە. بەڵام پێویستە لەبەرچاو بگیرێن لە کاتی پەرەپێدانی چوارچێوە و سیاسەتی یاسایی بۆ درێژکردنەوەی ڕووماڵی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ دڵنیابوون لە گشتگیری و گرتنەبەری ڕێبازێکی بنەمادار بە ماف بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی

لە ئێستادا پرۆژەیاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت هەیە کە چاوەڕوانی گفتوگۆکردن و پەسەندکردنە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە. زانیاری سنووردار سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەم ڕەشنووسەیاسایە لەبەردەستە، بەڵام پێشبینی دەکرێت بڕگەی هاوشێوەی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 18 ی ساڵی 2023 ی تازە پەسەندکراوی عێراقی فیدراڵی تێدا بێت. چاوەڕوان دەکرێت پارەی بەشدارییەکانی کرێکاران بۆ دابینکردنی خانەنشینی پیری تەرخان بکرێ، لە کاتێکدا بەشدارییەکانی حکومەت دابەش بکرێتە سەر لقەکانی خانەنشینی پیری و بەرکەوتن لە کار و چاودێری تەندروستی. شایانی باسە بەو پێیەی ئەم پرۆژەیاسایە لەژێر تاوتوێکردندایە، زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە گۆڕانکاریان بەسەردادێت

**پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دوای ئەم گۆڕانکارییە یاساییانە ڕێژەی ڕووماڵکردنی کرێکارانی کشتوکاڵ زیاد دەکات؟**

هەژاری بەربڵاو لە نێوان کرێکارانی کشتوکاڵیدا، کە لەسەدا 72 ی ئەم پۆلە وەك کرێکاری کەم داهات پۆلێنکراون، لەگەڵ ڕێژەی بەرزی هەژاری (لەسەدا 39) لە ناوچە گوندنشینەکان (کە لەسەدا 82 ی هێزی کاری کشتوکاڵی لەوێن) بەربەستی گەورە بۆفراوانکردنی ڕووماڵ دروست دەکات

یەکەم: توانای تاکەکان بۆ دابینکردنی پارەی بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا جێگەی گومانە. تەنانەت ئەو بەشداریە مانگانەیەی کە بە ڕێژەی لەسەدا 5 ی داهاتەکانیان دانراوە، لەوانەیە فشارێکی دارایی بەرچاو بخاتە سەر هەژارانی کارکەر لە کەرتی کشتوکاڵدا. ناجێگیری داهات لە کشتوکاڵدا بڕیارەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات کە کرێکارێك دەبێ لە کام پۆلی داهاتدا ناوی خۆی تۆمار بکات، وەك لە فەرمانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە 1/2024 دا هاتووە سەبارەت بە دیاریکردنی پۆلەکانی داهات بۆ ناو تۆمارکردن لە پلانی خانەنشینی ئارەزومەندانەدا ، کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی 4774 - 2024 بڵاوکراوەتەوە. ئەگەری زۆر هەیە کرێکارانی کشتوکاڵ لە ژێر کەمترین داهاتدا ناویان تۆمار بکەن و بڵێن کە داهاتیان یەکسانە بە کەمترین ڕادەی کرێ، کە پارەی بەشداریی مانگانەیان بە نزیکەی 17,500 دیناری عێراقی دادەنرێت. لە کاتێکدا کە ئەمە لەوانەیە بۆ زۆر کەس ڕاست بێت، بەڵام هەندێك حاڵەت هەن کە ڕەنگە داهات بە مەبەست بە ڕێژەیەکی کەمتر ڕابگەیەنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پارەی خانەنشینی. ئەم بەشدارییە کەمە ڕەنگە ببێتە هۆی هەژاری لە پیریدا یان لەدەستدانی گەورەی داهات لە داهاتوودا. سەرباری ئەوەش، وەرزیبوون و مەترسییە سروشتییەکانی کشتوکاڵ دەبنە هۆی ناجێگیرییەکی زۆر لە داهاتدا، ئەمەش وا دەکات کە ڕێژەی بەشداریکردنی مانگانەی پێشنیارکراو بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ کرداری نەبێت. دەرفەتی کەمی بەدەستهێنانی داهات لە کاتی دەرەوەی وەرزی کشتوکاڵدا ڕەنگە ڕێگەیان نەدات پارەی بەشداریکردنی مانگانە بدەن بەبێ ئەوەی زیان بە ئاسایشی داهاتەکانیان بگەیەنێت. نەدانی پارەی بەشداریکردن لە ماوەی دیاریکراودا (تا کۆتایی ساڵی دارایی) پێویستی بە ڕووماڵکردنی بەشدارییەکانی دەوڵەتیش دەبێت بۆ ماوەی دواکەوتووی پارەدان، ئەمەش بارگرانییەکی دارایی گەورە دروست دەکات یان دەبێتە هۆی کشانەوە لە پلانەکە

سەرباری ئەوەش، تۆمارکردنی کرێکارانی کشتوکاڵی لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کۆتایی بە بەشداریکردنیان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەهێنێت کە بەرنامەیەکی هاوکاری کۆمەڵایەتییە و بێ بەشداریکردنە. بەگوێرەی یاسای کارپێکراوی ئێستا، تاکەکان دەتوانن یان سوود لە یارمەتی کۆمەڵایەتی وەربگرن یان لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمار بکرێن. بەڵام بەپێی یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی ژمارە 11 ی ساڵی 2014، ئەو خێزانانەی داهاتیان نییە یان داهاتیان لە ژێر هێڵی هەژارییەوەیە، مافی وەرگرتنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە مافێکی تاکەکەسی و مافێکی خێزانە. هەڵوەشاندنەوەی یارمەتی کۆمەڵایەتی بۆ خێزانە کەم داهاتەکان، تەنها لەسەر بنەمای تۆمارکردنی یەك یان زیاتر لە ئەندامانی خێزان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، پێچەوانەی ئەو شێوازەیە کە بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ماف دامەزراوە. ئەم شێوازە لە پەیماننامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (کەمترین ستاندارد) ساڵی 1952 (ژمارە 102) و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی

ساڵی 1966 بڕەوی پێدراوە، کە هەردووکیان لەلایەن عێراقەوە پەسەند کراون. کرێکارانی نافەرمی، بەوانەشەوە کە لە کەرتی کشتوکاڵدان، تەنها دەتوانن لە بەشی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانە خۆیان ناونووس بکەن. لە ماوەیەکی کورتدا، بەشداریکردنیان لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەوانەیە وەك تێچوونێکی ڕاستەوخۆ دەربکەوێت نەك وەبەرهێنان لە داهاتوودا، کە کاریگەری گەورەی لەسەر بودجەی تاك یان خێزان دەبێت. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی پارەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەوانەیە دۆخی داهاتی تاك یان خێزان خراپتر بکات و ئەمەش ببێتە بەربەستێك بۆ ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەم بەربەستە یاساییە لەگەڵ ناجێگیری داهات لە کەرتی کشتوکاڵدا، کرێکارانی کشتوکاڵ لە عێراقدا دەخاتە بازنەی خراپی هەژاری و نافەرمی نەوە دوای نەوە و ڕێگرییان لێدەکات سوود لە ڕێبازێکی یاسایی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەربگرن کە لەسەر بنەمای ماف مسۆگەر بێت

هەروەها، نەبوونی دەستگەیشتن بە یارمەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کێشەی پاراستنی ناتەواو بۆ کاری مەترسیدار دروست دەکات. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کشتوکاڵ یەکێکە لە پیشە مەترسیدارەکان لە سەرانسەری جیهاندا. بەکارهێنانی چڕوپڕی ئامێر و مێروکوژ و ماددە کیمیاییە کشتوکاڵییەکانی تر، هەروەها بەرکەوتن بە نەخۆشییە ئاژەڵییەکان لە حاڵەتی کرێکارانی ئاژەڵداریدا، مەترسی برینداربوون و نەخۆشی پیشەیی و ڕووداوی کوشندەی شوێنی کار بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکەن (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2011). بەڵام نە یاسای نوێی ژمارە 18 ی ساڵی 2023 لە عێراقی فیدراڵ و نە یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستاندا دەستگەیشتن بە یارمەتیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەك بەشداریی لە دەستەبەری تەندروستی ، کۆمەکی نەخۆشی، کۆمەکی برینداربوونی پیشەیی یان دەرماڵەی کەمئەندامی بۆ کرێکاری خاوەنکاری خۆی، کرێکاری سەربەخۆ و کرێکاری نافەرمی دابین ناکەن. لە ڕاستیدا، خانەنشینی پیری وەك تاکە یارمەتی بەردەست بۆ کرێکارانی نافەرمی بەپێی یاساکانی ئێستا ماوەتەوە. نەبوونی دەستگەیشتن بە یارمەتییە سەرەکییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە پێویست بن بۆ کرێکاری سەربەخۆ و کرێکاری بەشداربووی خێزان لە کەرتی کشتوکاڵدا لە ماوەی کورتخایەندا ڕەنگە وابکات ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کەمتر سەرنجڕاکێش بێت. لە کاتێکدا کە پرۆژە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا پێشبینی دەکات کە کرێکاران دەستیان بە یارمەتییەکانی برینداربوونی کار و چاودێری تەندروستی لە ڕێگەی بەشدارییەکانی حکومەتەوە بگات، بەڵام ئەمە هێشتا لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت

ئەم بۆشاییەی ڕووماڵکردن کاریگەریی گرنگی لەسەر بنەمای جێندەر هەیە، چونکە ژنان بەزۆری لە کەرتەکانی کاری بێ کرێ و کاری سەربەخۆدا چڕبوونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی عێراق لە جیهاندا لە پلەی دووەمی کەمترین ئاستی بەشداریکردنی ژنانە لە لە هێزی کاردا دێت، کە لە ساڵی 2021 دا لەسەدا 10.8 بووە. ژنان زیاتر لە کەرتی گشتیدا چڕبوونەتەوە، کە لەسەدا 21 ی هێزی کار پێکدەهێنن، لەکاتێکدا تەنها 5 لەسەد لە کەرتی تایبەت پێکدەهێنن، بەپێی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق لە ساڵی 2021 دا. لە هەرێمی کوردستاندا ئاستی بەشداریکردنی ژنان کەمێك بەرزترە: لەسەدا 26 لە کەرتی گشتی و لەسەدا 9 لە کەرتی تایبەت. کشتوکاڵ هاوشانی کەرتی گشتی گەورەترین خاوەنکارە بۆ ژنان لە عێراقدا، کە ژنان لەسەدا 37 ی هێزی کاری کشتوکاڵی پێکدەهێنن، بە بەراورد لەگەڵ لەسەدا 13 ی هێزی کار بە گشتی (یونسکۆ 2019). ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ژنان تاڕادەیەك لە بەشداریکردن لە کاری خێزانیدا چڕبوونەتەوە – جۆرێکە لە کار کە بەشێکی گەورە لە کاری کشتوکاڵی پێکدەهێنێت. لە ئەنجامدا، چارەسەرەکانی سیاسەت دەبێت بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ ئەم جۆرە شێوازە جێندەرییانەی کارکردن و چڕبوونەوەی ژنان لە بەشداریکردن لە کاری خێزانیدا بەهەند وەربگرن

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار. "بنکەدراوەی ئاماری هێزی کار (ڕاپرسی هێزی کار)" ئاماری ڕێکخراوی کار. سەردانکراوە لە 6ی شوباتی 2024. ilostat.ilo.org/data

هەروەها، پێدەچێت کشتوکاڵ لە عێراقدا زۆر پشت بە کاری ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆچبەران ببەستێت، کە دەستگەیشتنیان بە میکانیزمەکانی ناو تۆمارکردن لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا لە مەترسیدایە. لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێکی زۆری کاری کشتوکاڵی دەستی لەلایەن خەڵکی ئێزدی ئاوارەی ناوخۆوە دابین دەکرێت، لەگەڵ کرێکارە کۆچبەرەکانی بەنگلادیش و میسر (Jongerden و ئەوانی تر 2019). بەپێی خەمڵاندنەکان کرێکارانی کۆچبەر لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی یەك لەسەر سێی هێزی کاری کشتوکاڵی ناوچەکە پێکدەهێنن (یونسکۆ 2019)

# 3


## دەرەنجامە چەندایەتییەکان:
## پرۆفایلی ڕووپێوی هێزی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا

# دەرەنجامــە چەندایەتییــەکان: پرۆفایلــی ڕووپێــوی هێــزی کار لــە کەرتی کشــتوکاڵدا

### 3.1. قەبارەی کەرتی کشتوکاڵ بە گشتی

کرێکارانـی کشتوکاڵـی نزیکـەی لەسـەدا 8 ی کۆی گشتـی کار پێکدەهێنن (لـە سـەرجەم کەرتـی گشتـی و تایبـەتدا لـە سەرانسـەری عێراقدا)، کـە نزیکـەی هـەر هەموویـان لـە کەرتـی تایبـەتدا چڕبوونەتـەوە (>99% ی هەڵـی کارەکان لـەم کەرتەدایـە). بـە جەختکردنـەوە تەنهـا لەسـەر کار لـە کەرتـی تایبـەتدا، کشتوکاڵ نزیکـەی لەسـەدا 14 ی کار لـە کەرتـی تایبـەت لـە عێراقـی فیدراڵدا پێکدەهێنێت (نزیکـەی609,907 کار) و نزیکـەی لەسـەدا 13 ی کار لـە کەرتـی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا پێکدەهێنێت (نزیکـەی 109,302 کار)

**◄ وێنــەی 1. پشــکی کەرتــی کشــتوکاڵ (ڕێــژەی ســەدی و ژمــارە ڕەهــاکان) لــە کار لــە کەرتــی تایبەتــدا لــە عێراقــدا، ڕووپێــوی هێــزی کار 2021**





**سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021**

زۆربـەی کرێکارانـی کشتوکاڵـی (لەسـەدا 83، واتـە 602,079 کرێکار لـە کۆی 725,397) لـە ناوچـە گوندنشینـەکانن (CSO و ئەوانـی تر 2022). وێنـەی دووەم نیشـانی دەدات کـە کەرتـی کشتوکاڵ لـە عێراقـی فیدراڵدا لـە بـەغداد چڕبووەتـەوە، کـە لەسـەدا 25 ی هێزی کاری کشتوکاڵـی لێیـە، دواتر سـەڵاحەدین دێت کـە لەسـەدا 20 ی هێزی کاری کشتوکاڵـی لێیـە، ئینجـا واست و بـابل دێن کـە بـە لەسـەدا 12 و لەسـەدا 10 ی هێزی کاری کشتوکاڵـی گشتـی خستوتـە کار. سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتـان، هێزی کاری کشتوکاڵـی لـە شـاری سلێمانیدا بـە ڕێژەی 58.6% چڕبووەتـەوە، لـە هـەولێر بـە ڕێژەی 22.7% و دهۆك بـە ڕێژەی 18.7%.

پایتـەخت، بـەغدا، لەسـەدا 29ی کۆی هێزی کار لـە کەرتـە ئابوورییـە جیـاوازەکاندا (نزیکـەی 2,044,922 تاکـی کارکـەر) بۆ خۆی ڕادەکێشێت، هـەر بۆیـە پێشبینـی دەکرێت بـەغدا ئـەو پارێزگایـە بێت کـە زۆرترین ڕێژەی بازرگانـی لـە کەرتـە جیـاوازەکاندا هـەبێت

◄ وێنەی 2. دابەشبوونی جوگرافی (%) ی هێزی کاری کشتوکاڵی گشتی لە عێراقدا



### 3.2 قەبارەی گروپی توێژینەوەکە

ئـەو گرووپـەی لـەم ڕاپۆرتـەدا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کراوە نوێنەرایەتـی زۆرینـەی هێزی کاری کشتوکاڵـی دەکات، کـە پێکهـاتووە لـە کەسـانی خۆبـەخش و کرێکارانـی خێزانـی بـێ مووچـە. ئـەم کرێکارانـە لـە سـەدا ٧٩ی کۆی هێزی کاری کشتوکاڵـی لـە عێراقـی فیدراڵـی پێـکدەهێنن (لەسـەدا ٤٤ی خۆبـەخش و لەسـەدا ٣٦ کرێـکاری خێزانـی بـێ مووچـە) و لەسـەدا ٧٥ لـە هەرێمـی کوردسـتان (لەسـەدا ٣٩ی خۆبـەخش و لەسـەدا ٣٥ی کرێـکاری خێزانـی بـێ مووچـە)، وەک لـە وێنـەی ٣ دا دیـارە هێزی کار لـە عێراقـی فیدراڵـی و لەسـەدا ٩ لـە هەرێمـی کوردسـتـان

**◄ وێنەی 3. دابەشبوونی دۆخی کار لە کەرتی کشتوکاڵ، کار لە کەرتی تایبەتدا**





سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

### 3.3. تایبەتمەندیەکانی گرووپی ئامانج لە کەرتی کشتوکاڵدا

هاوتـەریب لەگـەڵ بەڵگـەکان سـەبارەت بـە بـازاڕی کاری عێراق، ژنـان لـە کەرتـی کشتوکاڵدا چڕبوونەتـەوە. ژنـان نوێنەرایەتـی نزیکـەی لەسـەدا 24 ی گرووپـی توێژینەوەکـە دەکـەن (کرێکارانـی سـەربەخۆ و کرێکارانـی بـەشداربووی خێزان)، لەگەڵ چڕبوونەوەیەکـی زیـاتر لـە هەرێمـی کوردستـاندا (لەسـەدا 32 ی گرووپـی ئامانـج) بـە بـەراورد بـە عێراقـی فیدراڵ (لەسـەدا 22). ژنـان زیـاتر وەك کرێکاری بـەشداربووی خێزانـی کاردەکـەن، وەك لـەو ڕاستییـەدا نیشـانی دەدات کـە ڕێژەکەیـان دەگاتـە %44.1 ی کرێکارانـی بـەشداربووی خێزان بـە گشتـی – لەسـەدا 42.5 لـە عێراقـی فیدراڵدا و لەسـەدا 52.8 لـە هەرێمـی کوردستـاندا. پشکـی ژنـان لـە کرێکارانـی سـەربەخۆدا زۆر کـەمترە لـە کرێکارانـی بـەشداربووی خێزان. ژنـان بـە گشتـی تەنهـا لەسـەدا 7 ی کرێکارانـی سـەربەخۆ پێکدەهێنن، لـە عێراقـی فیدراڵدا لەسـەدا 6 و لـە هەرێمـی کوردستـاندا لەسـەدا 13.

**◄ وێنەی 4. ڕێژەی ژنان بەپێی دۆخی کار لە کەرتی کشتوکاڵدا، کەرتی تایبەت**




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

بـاوترین پیشـە لـە نێوان کرێکارانـی سـەربەخۆ و ئەندامانـی بـەشداربووی خێزاندا بریتییـە لـە "کرێکاری کارامـەی لـە بواری کشتوکاڵ، دارستـان و ماسیـگری". ئەمـە پیشـەی سـەرەکییە بۆ لـە 94٪ ی کرێکارانـی سـەربەخۆ و لـە 90٪ ی کرێکارانـی بـەشداربووی خێزان، وەك لـە خشتـەی 1 دا نیشـان دراوە


ئـەم شێوازە پیشـەییانە ڕەنگدانـەوەی پیشەسـازییە لاوەکییـە بنەڕەتییەکانـی کشتوکاڵن لـە عێراقدا. زۆربـەی کرێکارانـی گرووپـی توێژینەوەکـە لـە پیشەسـازی لاوەکـی "بەرهەمهێنانـی بـەروبوم و ئـاژەڵداری، ڕاوکردن و چالاکـی خزمەتـگوزاری پـەیوەندیداردا" چڕبوونەتـەوە. ئەمـەش چالاکـی ئـابووری سـەرەکییە بۆ لەسـەدا 97 ی کرێکارانـی سـەربەخۆ و لەسـەدا 98 ی ئەندامانـی بـەشداربووی خێزانـە لـە عێراقـی فیدراڵدا (خشتـەی 2، هاوپێچـی دووەم)، هەروەهـا بۆ لەسـەدا 96 ی کرێکارانـی سـەربەخۆ و لەسـەدا 99 ی ئەندامانـی بـەشداربووی خێزان لـە هەرێمـی کوردستـاندا (خشتـەی 2، هاوپێچـی دووەم)

**◄ خشتەی 1. دابەشکردنی پیشە (ئاستی 1 ژمارەیی) بۆ هەموو کرێکارانی کشتوکاڵی بە بەراورد لەگەڵ گروپەکانی توێژینەوەدا (کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان)**

| | ئامادەکاری | | | پێکهاتە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کرێکارانی بێ مووچەی ماڵان | خاوەن کارە تایبەتەکان | کۆی گشتی | کرێکارانی بێ مووچەی ماڵان | خاوەن کارە تایبەتەکان | کۆی گشتی | المهنة |
| **کرێکاری لێهاتوو لە بواری کشتوکاڵ و دارستان و ماسیگرتن** | 626 470 | 288 763 | 228 327 | 87 | 94 | 90 |
| **کرێکارانی خزمەتگوزاری و فرۆشتن** | 27 738 | 7 075 | 13 839 | 4 | 2 | 6 |
| **پیشە سەرەکییەکان** | 37 976 | 5 097 | 8 004 | 5 | 2 | 3 |
| **پیشەکانی تر** | 27 026 | 6 693 | 2 987 | 4 | 2 | 1 |
| **کۆی گشتی** | **719 209** | **307 629** | **253 156** | **100** | **100** | **100** |

نەبوونـی ڕووماڵکردنـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، کـە یـەکێك لـە سیمـا سـەرەکییەکانی پێناسـەکردنی کاری نافەرمییـە بەپێـی بیست و یەکـەمین کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی ئامارناسـانی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتـی 2023b)، هـەردوو جۆری کرێکارانـی سـەربەخۆ و ئەندامانـی بـەشداربووی خێزان دەگرێتـەوە. نزیکـەی لەسـەدا 96 (لـە عێراقـی فیدراڵ) و لەسـەدا 99 (لـە هەرێمـی کوردستـان) ی کرێکارانـی سـەربەخۆی نێرینـە، ڕووماڵـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتییـان نییـە. هەروەهـا هـەموو ئەندامانـی بـەشداربووی خێزان و هـەموو هێزی کاری ژن، جـا چ کرێکاری سـەربەخۆ بن یـان کرێکاری بـەشداربووی خێزان، نافەرمین


**◀ وێنەی 5. کرێکارانی سەربەخۆی نافەرمی و کرێکارانی بەشداربوو (ژمارە و ڕێژەی سەدی) لە کەرتی کشتوکاڵدا**




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

هەندێك جیاوازی لە پرۆفایلی تەمەن لە نێوان کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزاندا هەیە. بە تێکرا، کرێکارانی سەربەخۆ بەتەمەنترن (44 ساڵ بۆ هەر دوو ژن و پیاو لە عێراقی فیدراڵدا و 48-46 ساڵ بۆ هەر دوو ژن و پیاو لە هەرێمی کوردستاندا) لە ئەندامانی بەشداربووی خێزانی (27 ساڵ بۆ پیاوان و 35 ساڵ بۆ ژنان لە عێراقی فیدراڵدا و 23 ساڵ بۆ پیاوان و 42 ساڵ بۆ ژنان لە هەرێمی کوردستاندا). ئەم جیاوازییە لە رەگەز و تەمەندا پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بژاردەکانی سیاسەت بۆ هەریەك لە دوو گروپەکە لەبەرچاو بگیرێت: کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان


### ◄ وێنەی 6. مامناوەندی تەمەنی کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی بەشداربووی خێزان لە کەرتی کشتوکاڵدا




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای رووپێوی هێزی کار 2021

جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا لە پرۆفایلی خوێندنی کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزاندا هەیە؛ بەڵام زۆرینەیان لە هەردوو ناوچەکەدا خوێندەوار نین، یان خوێندنی سەرەتایی یان لە خوارتریان هەیە. لە کاتێکدا نیوەی گروپی توێژینەوەی کرێکاران لە عێراقی فیدراڵدا نەخوێندەوارن، لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی لەسەدا 71 ی کرێکاران نەخوێندەوارن. لە عێراقی فیدراڵدا نزیکەی لەسەدا 36 ی گروپی توێژینەوەکە خوێندنی سەرەتاییان هەیە، پشکی ئەو کرێکارانەی کە خوێندنی سەرەتاییان هەیە یان بێ خوێندنن، نزیکەی لەسەدا 85 ی گروپی توێژینەوەکە لە عێراقی فیدراڵدایە. رێژەی خاوەن خوێندنی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستاندا کەمە (لەسەدا 7 ی گروپی توێژینەوەکە)، ئەوانەی خوێندنی سەرەتایی یان کەمتریان هەیە لە نزیکەی لەسەدا 78 لە گروپی توێژینەوەی هەرێمی کوردستاندان

### ◄ وێنەی 7. ئاستی خوێندنی کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان (نافەرمی) لە کەرتی کشتوکاڵدا




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

جیاوازی هەیە لە تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی ئاسایی لە هەفتەیەکدا لە نێوان کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان، هەروەها لە نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا. خشتەی 2 نیشانی دەدات کە لە عێراقی فیدراڵدا، بە تێکڕا گرووپی توێژینەوەکە 26 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاردەکەن، کرێکارانی سەربەخۆ کەمێك زیاتر کار دەکەن (30 کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا) لە چاو ئەندامانی بەشداربووی خێزان (22 کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا). لە هەرێمی کوردستاندا، تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی گرووپی توێژینەوەکە زۆر زیاترە لە عێراقی فیدراڵ، ئەم گرووپە هەفتانە 39 کاتژمێر کاردەکەن. هەروەها بە پێچەوانەی عێراقی فیدراڵەوە، کرێکارانی سەربەخۆ کاتژمێری زیاتر کاردەکەن (44 کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا) لە چاو ئەندامانی خێزانی بەشداربوو (35 کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا)

### خشتەی 2. تێکڕای کاتەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا، بەپێی دۆخی کار و فەرمیبوونی کار

| | کۆی ژمارەی گرووپی توێژینەوەکە | | | کرێکارانی خێزانی بێ مووچە | | | خاوەن کارە تایبەتەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە نائاساییەکاندا | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە ڕێکخراوەکاندا | کۆی گشتی | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە نائاساییەکاندا | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە ڕێکخراوەکاندا | کۆی گشتی | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە نائاساییەکاندا | کرێکاران لە پیشە سەرەکییە ڕێکخراوەکاندا |
| **عێراقی فیدراڵی** | 30 | 30 | 30 | 22 | 22 | 0 | 26 | 26 | 30 |
| **هەرێمی کوردستان** | 45 | 44 | 60 | 35 | 35 | 0 | 40 | 39 | 60 |

بەکورتـی، پرۆفایلکردنـی چەندێتـی گرووپـی توێژینەوەکـە (کرێکارانـی سـەربەخۆ و کرێکارانی خێزان) لەسـەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار دەریخست کـە ئـەوان نوێنەرایەتـی ڕێژەیەکـی کـەمێك گـەورەتر لـە کار دەکـەن لـە عێراقـی فیدراڵدا بـە بـەراورد بـە هەرێمـی کوردسـتـان، و کـە ئـەوان لـە عێراقـی فیدراڵدا کـەمێك خوێندەوارتر و تەمەنیـان زیـاترە وەك لـەوەی لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا. ئەمـەش دەتوانرێت بگەڕێنرێتـەوە بۆ جیـاوازی لـە تایبەتمەندییەکانـی بـازاڕی کار لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا، کـە کەرتـی کشتوکاڵ زیـاتر پشت بـە گەنجانـی کۆچبـەر دەبـەستێت

# 4

# دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

# دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

### 1.4. تێبینی لەسەر نمونەگرتن و ڕێبازی توێژینەوە

شیکاری چۆنایەتـی پشتـی بـەستووە بـە گـفتوگۆی گروپـی فۆکـەس (FGD) (سێ گـفتوگۆ لـە بـەغداد و بـەسرە لـە عێراقـی فیدراڵدا؛ سێ گـفتوگۆش لـە هـەولێر و دهۆك لـە هەرێمـی کوردستـاندا) و چاوپێکەوتنـی قووڵـی تاکەکەسـی (IDI) لەگـەڵ کرێکارانـی سـەربەخۆی خێزان و ئەندامانـی بـەشداربووی خێزانـی ( نۆ چاوپێکـەوتن لـە بـەغداد و بـەسرە؛ شـەش چاوپێکـەوتنیش لـە هـەولێر و دهۆك). هەروەهـا دیدگای خـاوەنکارەکان لـە ڕێگـەی حـەوت چاوپێکەوتنـی قووڵـی تاکەکەسییـەوە لـە کەرتـی کشتوکاڵدا ڕومـاڵ کرا (چوار چاوپێکـەوتن لـە بـەغداد و بـەسرە؛ سێ چاوپێکـەوتنیش لـە هـەولێر و دهۆك). شیکردنەوەکـە بـە 11 چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی تـەواوکراوە لەگـەڵ نوێنەرانـی یەکێتـی گشتـی کۆمەڵـە کشتوکاڵییـەکان (الاتحـاد العـام للجمعیـات الفلاحیـة) و کۆمیتـەی کار لـە پەرلـەمـان و کارمەندانـی بـاڵای وەزارەتـی کشتوکاڵ لـە عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردستـاندا، هەروەهـا بـە نۆ چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی لەگـەڵ ئەندامانـی لیژنـەی پـەیوەندیداری پەرلـەمـان و جێبـەجێکاران و بەرپرسـانی حکومـی وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و نوێنەرانـی ڕێکخراوە کرێکارییـەکان و پسپۆڕان. کارە مەیدانییـەکان لـە نێوان تشرینـی دووەمـی 2023 و کانوونـی دووەمـی 2024 دا ئەنجـامدران

ئـەو داتایانــەی بۆ ئـەم توێژینەوەیـە کۆکراونەتــەوە بـە بەکارهێنانـی تەکنیکەکانـی کۆدکاری و شیکاری بابەتیـی و بــەگوێرەی ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە شیکراونەتــەوە. بــەڵام شیکارییەکــە ڕووبــەڕووی ئاستەنــگ بۆوە بــەهۆی سنووورداری ئـەو زانیارییــەی کـە لەلایــەن کرێکاران و خاوەنکارانــەوە پێشکــەشکرابوون. زۆرێك لـە پرسیــارەکان بــێ وەڵام هێڵرابوونــەوە بــەهۆی کەمـی زانیــاری لەســەر سیاســەتی نوێ، ئەمــەش وایکردووە کـە لێکجیاکردنــەوەی شێوازەکان سـەبارەت بـە بۆچوونـی کرێکاران و خـاوەنکاران و ڕێبــازی لایەنـە پـەیوەندیدارە سـەرەکییەکان کـە لـە کاتـی چاوپێکەوتنــەکاندا هاوبــەشکراون، زەحمــەت بێت

هەروەهــا، توێژەران کــەمتر گـفتوگۆی شیکارییانـەی بەرچاوڕوونیـان لەگـەڵ داڕێژەرانـی سیاسـەت لـە عێراقـی فیدراڵدا بەدەستهێنــاوە بـە بـەراورد بـە هەرێمـی کوردستـان. گرنگـە ئامـاژە بـەوە بدەین کـە وەڵامـی چاوپێکەوتنـی زانیــاریدەری ســەرەکی لــە هەرێمـی کوردستــاندا ســەبارەت بــە بایەخـی پلانەکانـی دەستەبــەری کۆمەڵایەتـی وا دەردەکـەوێت کـە لـە ژێر کاریگـەری پەسـەندکردنی سیاسـی بۆ پلانـی دەستەبـەری سـەربەخۆ بێت بۆ کوردستـان. بۆیـە، سروشتـی جیـاوازی نمونـەکان لـە نێوان هەرێمـی کوردستــان و عێراقـی فیدراڵدا، کـە وەڵامـی جیـاوازی لێکەوتــەوە، دەبێت لـە کاتـی لێکدانــەوەی زۆرێك لـە ئەنجامەکانـی ئـەم ڕاپۆرتــەدا لەبەرچـاو بـگیرێت. بۆ نموونــە، هەرچـەندە هیـچ جیاوازییەکـی ئـاشکرا لـە نێوان دۆخـی کرێکارانـی نافەرمـی لـە کەرتـی کشتوکاڵ لـە عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردستـاندا نەدۆزرایـەوە، بـەڵام داڕێژەرانـی سیاسـەت و هەروەهـا جێبەجێکارانـی هەرێمـی کوردستـان جەختیــان لــەوە کردەوە کــە حکومەتـی هەرێمــی کوردستــان پێویستــە سیستەمــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی خۆی هـەبێت. سنووورداریەکـی دیکـەی گرنـگ لـە کاری مەیدانـی، کەمـی ژمـارەی بەشداربووانـی ژن بوو، بەتایبەتـی لـە عێراقـی فیدراڵدا. ئەمــەش بـە شێوەیەکـی بەرچـاو دەگەڕێتـەوە بۆ سروشتـی کاری کشتوکاڵـی، کـە سـەرەڕای ئـەوەی دووەم گـەورەترین خـاوەنکارە بۆ ژنــان، تــا ئێستــاش بــە زۆری پیــاوان زاڵن

بەشـی خوارەوە بەربەستـە سـەرەکییەکانی بـەردەم ناوتۆمـارکردن بۆ ڕوومـاڵکردنـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە ڕوانگـەی کرێکارانـی کەرتـی کشتوکاڵدا دەکۆڵێتـەوە، بـە جیـا بۆ عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردستـان. پاشـان ڕاپۆرتەکـە تێڕوانینـە جیـاوازەکان دەکات سـەبارەت بـە بایەخـی پلانەکانـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تـاوتوێ دەکات، ئینجـا پێشنیـار لەسـەر بنەمـای ئـەم ئاڵنگارییانـە و تێڕوانینـە جیـاوازەکان پێشکـەش دەکات

### 2.4. ئاڵنگاری سەرەکی لەبەردەم ناو تۆمارکردن لە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

چاوپێکـەوتن و گفتوگۆکانــی گرووپــی فۆکــەس دەریــانخست کــە بەربــەست و ئاڵنگارییــە ســەرەکییەکانی بــەردەم نــاو تۆمــارکردن بۆ ڕووماڵکردنــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی، وەك کرێکاران بۆی دەروانن، لـە عێراقــی فیدراڵ و هەرێمــی کوردستــاندا هــاوشێوەن، لەوانــەش کەمــی زانیــاری ســەبارەت بــە پلانەکــە نیگەرانــی ســەبارەت بــە تێچووی دارایــی تۆمــارکردن و نــاو تۆمــارکردن، و کێشــەکانی متمانــە و دادپــەروەری (کــە ئەگــەری هەیــە بــەهۆی ئەزمونــی پێشوو بێت ســەبارەت بــە دوورخستنــەوەی یاســایی لــە پلانەکــەی پێشوو)

وئەنجامــەکان دەریدەخــەن کــە زانیــاری سنووردار ســەبارەت بــە پلانەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کرێکارانــی نافەرمــی هەیــە. کرێکارانــی کشتوکاڵــی ئــاگاداری هیــچ دەستپێشخــەرییــەك نــەبوون لەلایــەن حکومەتــەوە (نــە لــە هەرێمــی کوردستــان و نــە لــە عێراقــی فیدراڵدا) بۆ فراوانکردنــی ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ کەرتــی نافەرمــی. لــە عێراقــی فیدراڵدا، دەکرێت هۆکاری ئەمــە بگەڕێنرێتــەوە بۆ کەمــی زانیــاری ئامــانجدار و گەیــاندن ســەبارەت بــە یاســای دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ژمــارە 18 و هەروەهــا ئــەو مــاوە کەمــەی کــە ئــەم یاســایە تێیدا کارپێکراو بووە. هەروەهــا سنووورداربوونــی زانیــاری لەســەر ئــەو پلانانــە جــەختت لەســەر مێژوویەکــی دوورخستنــەوە لــە برگەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی دەکاتــەوە، چونکــە یاســاکانی پێشووی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ئــەم جۆرە کرێکارانەیــان نەدەگرتــەوە

---

من نــازانم دەستەبــەر چییــە و چۆن پــارە دەدرێت و میکانیزمــی وەرگرتنــی چیــە. بۆ نموونــە ئەگــەر تووشــی ڕووداوێك ببم کــێ پــارەم دەداتــێ و چۆن؟

گفتوگۆی گرووپی فۆکەس لەگەڵ جوتیاراندا، بغداد، عێراقی فیدراڵ

لــە عێراقــی فیدراڵ و لــە هەرێمــی کوردستــاندا، کەمــی هۆشیارییەکــی بەرچــاو هەیــە ســەبارەت بــە کارکردنــی پلانەکــە بۆ کرێکارانــی خــاوەنکاری خۆیــان و کرێکارانــی نافەرمــی، ڕێژەی بــەشداریکردن و پارمەتییــە شــایستەکان. وەك لەلایــەن کرێکارێکــی ســەربەخۆی خێزانییــەوە جەختــی لەســەر کرایــەوە،

---

خۆی گرنگــە ســەرەتا لــە میکانیزمەکانــی سیستەمەکــە تێبگــەین، لەوانــە چۆنیەتــی کارکردنــی بەشدارییــەکان، بــاوەڕبوون بــە کاریگەرییەکــەی، ڕێژەی ســەدیی گونجــاو بۆ بەشداریکردنــەکان، و مــەودای پارمەتییەکانــی وەك خانەنشینــی، مۆڵەتــی نەخۆشــی، و پارمەتییەکانــی کەمئەندامــی. ئەمانــە هێشتــا ڕوون نین

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ کرێکاری سەربەخۆی خێزانی لە کشتوکاڵدا، هەولێر

بــە بۆچوونــی هــەموو ئــەو کرێکارانــەی کــە بەشداریــان لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا کردووە، سیاســەتی نوێ بەبــێ ڕاوێژکردن لەگــەڵ کرێکاران و خاوەنکارانــی ئــەم کەرتــە دارێژراوە. ئــەم جۆرە بۆچوونانــە لــە وەڵامــی ئــەو پرسیــارەدا هاتنــە ئــاراوە: "ئایــا ئــاگاداری دەستپێشخــەری حکومەتــی بۆ فراوانکردنــی ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لــە کەرتــی نافــەرمیدا؟" کرێکاران لەوانەیــە بــە گشتــی گوێیــان لــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بووبێت، بــەڵام ئــاگاداری ئــەوە نــەبوون کــە دەستەبەرکــە چۆن دەبــێ و چۆن دەتوانن بــەشداری بکــەن. ئــەم تێڕوانینــە، جــا لەســەر بنەمــای بەڵگــەی ڕاستەقینــە بێت یــان نــا، ئــەو ئاڵنگارییانــە چڕتر دەکاتــەوە کــە پەیوەندییــان بــە چۆنیەتــی ڕازیکردنــی کرێکارانــی کشتوکاڵــی و خاوەنکارەکانــەوە هەیــە کــە بــەشێك بن لــەم دەستپێشخــەرییــە و ئامــادەبن بۆ بــەشداریکردن تێیدا

هۆشیـاری دەربـارەی سـەندیکاکان کەمـە، جـا چ دەربـارەی یەکێتیـی کۆمەڵـە کشتوکاڵییـەکان لـە عێراقـی فیدراڵدا بێت، یـان یەکێتـی جوتیـاران و سـەندیکای ئەندازیـاری کشتوکاڵـی بێت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. چاوپێکەوتنـەکان لـە عێراقـی فیدراڵدا ئـاشکرای کرد کـە لـە هیـچ ئۆرگانێکـی نوێنـەری سـەندیکاکان ئـەندام نین. بـە هەمـان شێوە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، کرێکارانـی کەرتـی کشتوکاڵ کـە بۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵدا کراوە، ئەندامـی هیـچ کۆمەڵەیەکـی کشتوکاڵـی نـەبوون و هەندێکیـان تەنانـەت ئاشنـا نـەبوون پێـی

دەستگـەیشتن بـە خزمەتگوزارییەکانـی تۆمـارکردن بەربەستێکـی بەرچـاوە و تێچوونێکـی شـاراوە لـەخۆ دەگرێت. لـە عێراقـی فیدراڵدا، دەستگـەیشتن بـە خزمەتگوزارییەکانـی تۆمـارکردن ئاستەنگێکـی بەرچـاو دروست دەکات، هۆکارەکانـی وەك شوێن، تێچوون و کات ڕێـگرن. کرێکاران ناچـارن بۆ مـاوەی یـەك ڕۆژ یـان چـەند ڕۆژێك کارەکانیـان بەجێبهێڵن بۆ ئـەوەی بچنـە فەرمانگـەی حکومـەت بۆ ئـەوەی نـاوی خۆیـان تۆمـار بکـەن. ئەمـەش مانـای تێچووی دەرفـەت دەدات ، کـە کرێکاران (تەنانـەت خـاوەنکارەکانیش) نیگەرانـی خۆیـان دەربڕی سـەبارەت بـە بڕی کات و پـارەی پێویست بۆ ڕاییکردنـی کاری نوسراوە فەرمییـەکان. هەروەهـا ئـەم بەربەستـەی دەستگـەیشتن دەبێتـە هۆی تێچوون بۆ جوتیـاران، لەوانـەش تێچوونـی گواستنـەوە. هەروەهـا پرۆسـەکانی "تۆمـارکردن و بـەشداریکردن" وەك نیگەرانییەکـی سـەرەکی لـەنێو کرێکارانـی هەرێمـی کوردستـاندا بـاسکران و دواکەوتنـی ڕێوشوێنەکانیـان وەك ئاستەنگێکـی گرنـگ نـاو برد

جگـە لـە کێشـەکانی دەستگـەیشتن، نەبوونـی متمانـە بـە میکانیزمەکانـی حکومـەت زیـاتر بێهیوایـی لـە تۆمـارکردن دروست دەکات. لـە عێراقـی فیدراڵدا تێڕوانینێك هەیـە کـە دەستپێشخەریـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی زیـاتر جـەخت لەسـەر کۆکردنـەوەی پـارە دەکاتـەوە نـەك دابینکردنـی سوودی بەرجەستـە بۆ کرێکاران و خاوەنکارانـی کەرتـی نافەرمـی.

لێدوانەکانی تریش دەنگدانەوەی ئەم هەستە بوون

---

ئەگـەر بـڵێم ئامـادەم نـاوی خۆم تۆمـار بکـەم، کـێ گەرەنتـی ئـەوە دەدات کـە ئـەو پارەیـەی دەیدەم بۆم دەگەڕێندرێتـەوە یـان بـە شێوەیەکـی شـەفاف دەگەیەنرێتـە سندوقـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی ؟

**گفتوگۆی گروپی فۆکەس لەگەڵ جوتیاران، بەغداد**

---

چۆن دڵنیـابین لـەوەی کـە ئەگـەر ئێستـا بەشدارییەکـە بدەین، لـە داهـاتوودا پارەکەیمـان دەستدەکـەوێت، کاتێك شـایستە دەبین

**گفتوگۆی گروپی فۆکەس، بەغداد**

---

ئەم پارەیە بۆ کوێ دەڕوات؟

**چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ کرێکاری وەرزیی لە کەرتی کشتوکاڵدا، لەتیفییە، بەغداد**

ئـەم نەبوونـی متمانەیـە لـە چاوپێکەوتنەکانـی هەرێمـی کوردستـانیشدا دەنگـی دایـەوە، بـەڵام فراوانتر بوو لەبـەر نەبوونـی متمانـە بـە دامـەزراوە داراییـەکان. لـە دوای قەیرانـە داراییەکانـی دوای شـەڕی دژی دەوڵەتـی ئیسلامـی عێراق و سوریـا و بڕینـی بودجـە لەلایـەن حکومەتـی فیدراڵـەوە، بانکـەکان لـە هەرێمـی کوردستـاندا پارەیـان بەدەستـەوە نەمـا. ئێستـاش کرێکاران بیریـان دێتـەوە کـە بانکـەکان لـە بواری توانـای پـارەدان و دابینکردنـی پـارەی کاش بۆ ئـەو کڕیارانـەی کـە دەیانـەوێت پارەکانیـان بکێشنـەوە، ڕووبـەڕووی کێشـە دەبوونـەوە. نیگەرانییەکـی دیکـەی گرنـگ لـە هەرێمـی کوردستـاندا دەستپاکـی سندوقـی خانەنشینـی بوو،

زۆرجار گومان دەخرانەڕوو سەبارەت بەوەی حکومەت پارە لە سندوقەکە دەکشێنێتەوە. ئەم جۆرە تێڕوانینانە (ئەگەر لەسەر بنەمای بەڵگەی ڕاستەقینە بن) متمانەی خەڵك بە توندی دادەڕمێنێ لەوەی حکومەت سەرپەرشتی ئەم سەرچاوانە بکات

جگە لە کێشەی متمانە لە هەرێمی کوردستاندا، کرێکارانی کشتوکاڵ گومانیان هەبوو سەبارەت بە دادپەروەری سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم. کرێکارێکی خێزانی کشتوکاڵی پیاو لە هەولێر گومانی خۆی دەربڕی و نموونەی کەسی ناشایستە (سوودمەند) ی هێنایەوە کە لە سیستەمەکە سوودمەند بوون

## گومانم هەیە لەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادپەروەر بێت

**چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ کرێکارێکی خێزانی کشتوکاڵی پیاو، هەولێر**

وەك پێشتر لەم توێژینەوەیەدا باسمان کرد، تێچووی بەشداریکردن پرسێکی سەرەکی دیکەیە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی وەرزیی کارکردن و داهات لە کەرتی کشتوکاڵدا. ئەم نیگەرانییە بە تایبەتی لە عێراقی فیدراڵدا دیار بوو، کە کرێکاران تیشکیان خستە سەر ئاستەنگی دارایی بەهۆی کەمی و ناجێگیری داهاتەوە، کە زیاتر بەهۆی سروشتی وەرزیی کاری کشتوکاڵییەوە خراپتر بووە و توانایان بۆ بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی سنووردار کردووە. بەڵگەکانی ڕووپێوی هێزی کار دەریدەخەن کە لەسەدا 72 ی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ لە عێراقدا و لە هەموو کەرتە دامەزراوەییەکاندا (حکومی بەرامبەر بە تایبەت) و دۆخی کار داهاتیان کەمە. ئەمەش بەو مانایەیە کە داهاتی کاتژمێری کرێکاران کەمترە لە دوو لەسەر سێی مامناوەندی داهاتی کاتژمێری تەواوی هێزی کار. کەرتی کشتوکاڵ زۆرترین ڕێژەی کرێکاری کەم کرێی هەیە، لەگەڵ بازرگانی جوملە و تاکفرۆشی و هونەر و کات بەسەربردن و ڕابواردن. کاتی نادیار و کەمی داهاتی کرێکارانی کشتوکاڵ وا دەکات بە زەحمەت دڵنیابن لەوەی کە دەتوانن مانگانە بە لەسەدا 5 ی داهاتەکانیان بەشداری بکەن. تەنانەت کاتێك لە ژێر پۆلی ئەو کرێکارانەدا تۆمار دەکرێن کە داهاتی مانگانەیان یەکسانە بە کەمترین کرێ (فەرمانی یەکەم پۆلی 1/2024#)، ڕێژەی بەشداری جێگیری مانگانە کە 17,500 دیناری عێراقییە، ڕەنگە لە وەرزی داهاتی نزمدا، یان لەو کاتانەدا کە بەرهەمی کشتوکاڵی لەژێر کاریگەری مەترسییە سروشتییەکان یان مەترسی کاری مرۆڤە، یان کاتێك کە وەبەرهێنان لە بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا پێویستە نەتوانن ئەو پارەیە بدەن

وەك پێشتر تاوتوێ کرا، تۆمارکردنی کرێکارانی کشتوکاڵی بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مانای لەدەستدانی یارمەتییە کۆمەڵایەتییە نابەشدارییەکانیان دێت (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی)، ئەگەر مافی ئەوەیان هەبێت، و دەبێت باجی داهات لەسەر داهاتە پچڕ پچڕەکانیان بدەن. ئەمەش سەرباری ڕێکارە قورسەکانی حکومەت و کاری ئاڵۆزی نوسراوی فەرمانگەکانە. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا، کرێکارانی کەرتی نافەرمی دەبێت مێژووی کارەکانیان بسەلمێنن، نیشانی بدەن کە چەند ساڵە کار دەکەن، پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانە بەربەستێکی گەورەیە بۆ زۆرێك لە کرێکارانی نافەرمی، چونکە سەختە مێژووی کارکردنیان بە شێوەیەکی فەرمی بسەلمێنرێت. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی وەرزیی کارەکانیان، کرێکارانی عێراقی فیدراڵ بە زەحمەتی دەزانن کە بتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پارەی بەشداریکردن بدەن و دەڵێن ناو تۆمارکردن عەمەلی نیە. لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستانیش لە نێو ئەوانەی بە نیازبوون خۆیان تۆمار بکەن، پێشنیارەکان بۆ بەشداریکردن لە نێوان 2 بۆ 5 لەسەدی داهاتیان بوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەپێی چاوپێکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم پلانە پێویستی بە بەشداریکردن بە ٪7 هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت سوودی خانەنشینی وەربگریت و حکومەت بۆ ماوەی 180 مانگ لە سەدا 10 بەشداری بکات. ئەمەش بەپێی زانیاری نافەرمی کە باس لە ڕێژەی بەشداری پێشنیارکراوی یاسای نوێ دەکات (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021)

داهاتــی كەرتــی كشتوكاڵ زۆر كەمــە و ئێمــە ئــەوەندە قازانــج ناكــەین كــە بتوانین بەشێكــی لــێ بدەینــە بەشداریكردنــی دەستەبــەری كۆمەڵایەتــی

گفتوگۆی گروپی فۆكەس لەگەڵ جوتیاران، بەغداد

گرفتەكــە ئەوەیــە كــە داهاتمــان كەمــە، ئــەم داهاتــەش زۆر بــە وردی دابــەش دەكرێت و هیــچ لێبڕینێك هەڵنــاگرێت

چاوپێكەوتنی قووڵی تاكەكەسی لەگەڵ جوتیارێك، بەغداد

كارەكانمان وەرزییە و بە درێژایی ساڵ كار لە 3 بۆ 4 مانگ تێناپەڕێت

گفتوگۆی گروپی فۆكەس لەگەڵ جوتیاران، بەغداد

بەپێــی وەرزە، كــە وەرزەكــە كۆتایــی دێت، چۆن بتوانم پــارەی بەشداریكردنــی دەستەبــەری كۆمەڵایەتــی ئــەو مانگانــە بدەم كــە كار و داهاتیــان تێدا نییــە؟

گفتوگۆی گروپی فۆكەس لەگەڵ جوتیاران، بەغداد

بەهەمــان شێوە، لــە هەرێمــی كوردستــاندا، ئەوانــەی چاوپێكەوتنیــان لەگــەڵدا كراوە جەختیــان لــەوە كردووەتــەوە كــە تێچووی زۆری بەرهەمــە كشتوكاڵییــەكان و داهاتــی سنوورداریــان ڕێــگری لــە تۆماركردنــی خــاوەنكاران دەكات. لــە هەرێمــی كوردستــاندا، بۆچوونەكانــی پــەیوەست بــە بەربەستــە داراییــەكان ڕەنگدانــەوەی ئــەوە بوو كــە پێیــان بــاشتر بوو حكومــەت ڕاستــەوخۆ یارمەتــی پێشكــەش بكات، وەك یارمەتــی بۆ ســەرچاوە ســەرەكییەكانی وەك پەینــی كیمیایی و سووتەمەنــی، لــەوەی نــاو تۆمــاركردن بۆ بەرنامەكانــی دەستەبــەری كۆمەڵایەتــی بكرێت ــ هــەستێك كــە خاوەنكارێكــی كشتوكاڵــی لــە دهۆك دەریبڕی

حكومــەت پشتــگیری پێویست پێشكــەش نــاكات. كەلوپەلــی پێویست، وەك بــەنزین، بــە نرخێكــی زۆر پێمــان دەفرۆشرێت، لیتری بــە 800 دینــار. دەبێت ئــەم تێچوونانــە گونجــاوتر بن. ســەرەڕای ئــەوەش، خــاوەنكارەكان پارەیەكــی زۆر لــە بنــەتۆی گــەنم خــەرج دەكــەن و لــە كۆتــاییدا حكومەت نــە بەرهەمەكانیــان دەكرێت و نــە یارمەتــی بەبازاڕكردنــی دەدات

خاوەنكار لە كەرتی كشتوكاڵ، دهۆك

جگــە لــە سروشتــی وەرزیــی كاری كشتوكاڵــی و ناســەقامگیری كارەكــە، هێزی كاریش بەربەستێكــی ســەرەكییە، چ لــە عێراقــی فیدراڵ و چ لــە هەرێمــی كوردستــاندا. چاوپێكــەوتن لەگــەڵ خاوەنكارانــی كەرتــی كشتوكاڵ لــە عێراقــی فیدراڵدا ئــاشكرای دەكات كــە هێزی كار گــەڕۆكــە، و لــەو كرێكارانــە پێكهــاتوون كــە پسپۆڕن لــە جۆرەهــا كاری كشتوكاڵیدا (وەك چــاندن و بەرهەمهێنــان و دروێنــە و بــە بــازاڕكردن)، كــە زۆر جــار خەڵكــی ناوچەكــە نین، ئەمــەش دەبێتــە هۆی ناســەقامگیری و ئاستەنــگ لــە تۆمــاركردندا. ئەمــە هەروەهــا لــە لێدوانــی خــاوەنكارێك ســەبارەت بــە ئەزموونــی تۆماركردنــی لــە بــەسرە دەردەكــەوێت: "بەتایبەتــی كاتێك كارەكــە ناجێــگیر

بەتایبەتــی کاتێك کارەکــە ناجێــگیر بێت، تۆمارکردنــی زۆرەملــێ قورســە، بۆ نموونــە، کۆمپانیاکانــی ئاســایش لەوانەیــە دەستبەجــێ مووچــە بــە کارمەندەکانیــان بدەن، بــەڵام لــە پڕۆژەی کشتوکاڵــی مندا هــەندێك جــار وەرزێکــی تــەواو لــە دەست دەدەین بــەهۆی سوێری ئــاوەوە، پەتــا یــان حاڵەتــی لەنــاکاوی تر

تۆمارکردنی لە بەسرە دەردەکەوێت

لــە هەرێمــی کوردستــاندا، چاوپێکەوتنــەکان ئاماژەیــان بــەوەشدا کــە سروشتــی وەرزیــی کشتوکاڵ توانــای کرێکاران بۆ خەمڵاندنــی داهاتــی خۆیــان بۆ پلانەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی ئــاڵۆزتر کردووە.
تێڕوانینێك هەیــە کــە دەڵێت پابەندبوونــی سیاســی تــەواو نییــە بۆ چاکســازی. گرنگــە ئامــاژە بــەوە بکــەین کە لــە هەرێمی کوردستــاندا، لــە کاتێکدا کــە ڕەنگــە تێچووی نــاو تۆمــارکردن وەك ئاستەنــگێك بــاس کرابێت، بــەڵام وەڵامــەکان ئاماژەیــان بــەوە کرد کــە گرفتــی دارایــی وەك ئاستەنگێکــی ســەرەکی بۆ نــاو تۆمــارکردن ســەیر نــاکرێت، بــەڵام هــەست بــە نەبوونــی پابەندبوونــی سیاســی دەکرێت بۆ چارەســەرکردنی ئــەو کۆسپانــەی کــە کرێکاران بــە ئەگەرێکــی زۆرەوە لــە تۆمــارکردن لــە سیستەمەکــەدا ڕووبــەڕووی دەبنــەوە

### 3.4. پرسە سەرەکییەکانی جێبەجێکردن

جگــە لــە ئاستەنگەکانــی نــاو تۆمــارکردن لــە دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا کــە لەلایــەن کرێکارانــەوە هەستیــان پێدەکرا، چــەندین نادڵنیایــی هــەبوو ســەبارەت بــە جێبەجێکردنــی پلانەکــە. ئــەم نیگەرانیانــە بــە شێوەیەکــی ســەرەکی لــە کاتــی چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی لــە هەرێمــی کوردستــاندا وروژێنران، کــە زیــاتر شیکاری بوون

گــفتوگۆ لەگــەڵ کرێکاران و خــاوەنکاران لــە هەرێمــی کوردستــاندا دەریخست کــە کۆدەنگــی ســەبارەت بــە کارگێڕی و بەڕێوەبردنــی پلانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی نییــە. هــەندێك لــە وەڵامدەرەوەکان پێشنیاریــان کرد کــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بێتــە ژێر ڕێکخراوێکــەوە نــەك حکومــەت، ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی خواستــی سیستەمێکــی بەڕێوەبردنــی متمانــە پێکراوترە. ئــەم وەڵامدەرەوانــە ڕایانگەیــاندووە کــە لــە ئەگــەری بەرزکردنــەوەی داوایەکــی یاســایی لەســەر پلانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی حکومــەت

ئــەوە زەحمەتــە بتوانــی بیبەیتــەوە یــان گوێت لێبــگرن، بــە لەبەرچاوگرتنــی ئەوەی کــە ئەولەویەت دەدرێت بــە حکومەت

کرێکاری سەربەخۆی خێزانی، کشتوکاڵ، دهۆك

بــەڵام لــەو بــاوەڕەدا بوون کــە حکومــەت ڕۆڵــی بــەشداریکردن و بــەڕێوەبردن و ســەرپەرشتیکردنی سندوقــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی دەگرێتــە ئــەستۆ. زۆربــەی دەنگــەکان بەرپرسیارێتــی هاوبەشــی حکومــەت و ڕێکخراوەکانیان پــی بــاشتر بوو

هــەندێ کرێکاری تر پشتــگیری ئەوەیــان کرد بــەڕێوەبردن بــە کۆنترۆڵــی حکومــەت بێت (لــە ڕێگــەی وەزارەتــی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتیــەوە)، وەك ئــەوەی ئێستــا هەیــە، نــەك لــە ڕێگــەی ڕێکخراوێك یــان کۆمەڵــەی کرێکارانــەوە، بــە ئامــاژەدان بــە خواستــی پێکهاتەیەکــی فەرمــی و حکومــی، وەك ئــەوەی بەشداربووانــی گــفتوگۆی گروپــی فۆکــەس لەگــەڵ ژنــە جوتیارەکانــی دهۆکدا دەریــانبڕیوە

> من ئامادەم بەشداری بکەم و ببمە ئەندام؛ بەڵام ئەمە دەبێت شتێکی فەرمی و حکومی بێت. پێم باشە لەلایەن کۆمپانیایەك یان ڕێکخراوێکەوە بەڕێوەبەرایەتی نەکرێت و بەڕێوە نەچێت. پێم خۆشە ئەمە لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەبچێت

**گفتوگۆی گرووپی فۆکەس لەگەڵ ژنە جوتیارانی دهۆك**

هەروەها وەڵامەکان ئاماژەیان بە کێشەکانی دیکەی بەکارهێنان و جێبەجێکردن دەکرد، کە لەوانەیە کاریگەری و پەسندکردنی چاکسازییەکە لەلایەن کرێکارانەوە نەهێڵێت. کێشەکانی جێبەجێکردن پەیوەندییان بە توانای کارگێڕی و چاودێریکردنی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەنێویاندا ئەمانەی خوارەوە

- ئاستی ئێستای کارمەندان بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی ئەرکە پێویستەکان بە شێوەیەکی کارا بەس نیە.
- میکانیزمەکانی چاودێریکردن، لەوانەش چالاکییەکانی کۆنترۆڵکردن، بەدواداچوون و چاودێریکردنی پەیوەست بە کاری پشکنەرەکان بەپێی پێویست بەهێز نین، کە بەشدارن لە ناجێگیری جێبەجێکردندا.
- کەموکورتییەکی بەرچاو لە ژمارەی لیژنەکانی پشکنەر ڕێگرە لە سەرپەرشتیکردنی کاریگەر و جێبەجێکردنی پابەندبوون لە سەرانسەری کەرتەکەدا.
- نەبوونی سیستەمێکی حکومەتی ئەلیکترۆنی گشتگیر بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن و شەفافیەت بەربەستێکی گەورە لەبەردەم باشترکردنی کارەکان و بەڕێوەبردنی زیادبوونی خواست لەسەر سیستەمەکە دروست دەکات.
- نائاگایی گشتی خاوەنکار و کرێکاران سەبارەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودەکانی بەشداریکردن و جێبەجێکردنی کاریگەرانەی سیستەمەکە ئاڵۆزتر دەکات.

## 4.4. تێڕوانینە جیاوازەکان لەسەر بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

هەرچەندە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تاڕادەیەك هاوشێوە بوون، بەڵام تێڕوانینەکان سەبارەت بە بایەخی دەستەبەر جیاوازن. ئەمەش ڕەنگە بەهۆی بارودۆخی جیاوازی سیاسی و ئابووری عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانەوە بێت، بەڵام نمونە جیاوازەکانیش وەڵامی جیاوازیان لێکەوتەوە.

### 1.4.4. عێراقی فیدراڵ

چاوپێکەوتن لەگەڵ جوتیاران تیشکی خستە سەر کەموکورییەکی گرنگ لە سیستەمی ئێستادا، کە توشبوون بە بەرکەوتن لە کاتی کاردا، پشتیوانی حکومەت یان دەستەبەری تەندروستی لە عێراقی فیدراڵدا وەرناگرێت. زۆرێك لە جوتیاران ڕایانگەیاندووە کە "لە کاتی کارکردندا بریندار بوون، بەڵام هەرگیز هیچ هاوکارییەکیان لە دەزگاکانی حکومەت یان دەستەبەری تەندروستی وەرنەگرتووە" (گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، و گفتوگۆی گروپی فۆکەس2- لەگەڵ جوتیارانی بەغداد و بەسرە). کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری تیژ و کەرەستەی کیمیایی مەترسیدارەوە، یان لە ئەنجامی سەرکەوتن بەسەر دارخورمادا تووشی برینداربوون دەبن

ئەم دۆخە جەخت لەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارە دەکاتەوە کە کرێکارانی نانیزامی یان نا یاسایی و وەرزیی و خێزانی و کرێی ڕۆژانە لە کەرتی کشتوکاڵدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە دەبێت تێچووی تەندروستی و چارەسەری پزیشکی لە گیرفانی خۆیان بدەن. نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی هەستکردن بە نائارامی و نادڵنیایی، ئەمەش جەخت لەسەر بایەخی ئەم جۆرە ڕووماڵکردنە دەکاتەوە بۆ سەلامەتی و ئاسایشی داهاتووی کرێکاران. هەروەها، تێچووی زۆری ئامێر و پەینی کشتوکاڵی، لاوازی ئەم گرووپە زیاتر دەکات سەرەڕای ئەم پێویستییە زۆرەی پاراستن و ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، جوتیاران و کرێکارانی دیکە لە کەرتی کشتوکاڵ ئاستی جیاوازی ئارەزووی خۆیان بۆ پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی نیشانداوە، لەگەڵ تێڕوانینەکانیان لەبارەی بەشداریکردن و بەشدارینەکردندا دەگۆڕێت. لە کاتێکدا هەندێك لە کرێکارانی کشتوکاڵی ئامادەبوون بەشداری لەو پلانەدا بکەن، هەندێکی تریش بایەخدانێکی کەمیان نیشان دا کە هەواڵەکانی دەستەبەر بەهەند وەربگرن یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکەن

> پێم باش نییە لە دەرەوەی بوارەکەمدا بەدواداچوون بۆ هەواڵ و نوێکارییەکان بکەم. سەرنجم بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر زانیارییە پەیوەندیدارەکانە بە کارەکانمەوە، وەك جۆرەکانی تۆو، نرخی پەین و هتد
>
> **(گفتوگۆی گروپی فۆکەس لەگەڵ جوتیاران، بەغداد**

سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر ئاگادار نەبوون، هەندێك لە کرێکارانی کشتوکاڵی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، ئامادەبوون فێربن و بەشداری لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بکەن. کرێکاران پشتگیریان لە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کەرتە نافەرمیەکان کرد بەهۆی سوودە بێشومارەکانییەوە. تیشك خرایە سەر ئەوەی کە بە گرنگ سەیر دەکرێت بۆ دابینکردنی دەستەبەری دارایی لە خانەنشینیدا، کە مەترسییەکانی هەژاری و بێکاری کەم دەکاتەوە

> ئەگەر پێشتر لەم بارەیەوە بمزانیبایە، ئەوا زووتر ناوم تۆمار دەکرد
>
> **چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ جوتیاران، بەغداد**

ســەرەڕای داننــان بــە ئاستەنگەکانــی وەك کۆسپــە کارگێرییــەکان و تێچووی ســەرەتایی، کرێکاران و خــاوەنکاران و حکومــەت لــە مــاوەی درێژخایــەندا دەستکەوتێکــی بەرچــاو بــەدەست دەهێنن. شــایەتحاڵەکان ئامــاژە بــە کێشــە و بارگرانــی دارایــی دەکــەن کــە لــە ئەنجامــی بڕینەکانــی پــەیوەست بــە کارەوە ســەرهەڵدەدەن و پێویستــە پەلــە بکرێ لــە ڕووماڵکردنــی. ئەمــەش جــەخت لەســەر ناجێــگیری پێگــەی هێزی کاری کشتوکاڵــی دەکاتــەوە (و پێگــەی کارە نافەرمیەکانــی تریش) و تیشك دەخاتــە ســەر ئــەو تۆڕە ســەلامەتییە زۆر پێویستــەی کــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی پێشکەشــی دەکات

کرێکارانــی کشتوکاڵــی دیکــەش کــەم بایەخیــان دەدا هەتــا لەبــارەی پلانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بزانن ئەمــەش دەکرێت بــە چــەند هۆکارێك

ئێمە لە لادێدا متمانەمان بەحکومەت نییە

چاوپێکەوتنێکی قووڵ لەگەڵ جوتیار، بەغداد

ڕوون بکرێتــەوە، لەوانــە بەربەستــی دارایــی یــان نەبوونــی متمانــە بــە دەستپێشخەرییەکانــی حکومــەت. نەبوونــی متمانــە زیــاتر لــە ناوچــە پــەراوێزخراوەکاندا دەردەکــەوێت کــە کــەمترین خزمەتــگوزاری حکومەتیــان هەیــە. فاکتەرێکــی ســەرەکی دیکــە کــە بایەخنــەدان ڕوون دەکاتــەوە، گۆشــەگیریی جوگرافییــە، کــە پرســەکانی دەستگــەیشتن بــە زانیــاری و متمانــە نــەبوون بــە حکومــەت لــە ناوچــە گوندنشینــەکاندا خراپتر دەکات

### 2.4.4. هەرێمی کوردستانی عێراق

چاوپێکەوتنــی زانیاریدەرانــی ســەرەکی دیدێکــی گشتگیریــان پێشکــەش کرد ســەبارەت بــەو هەوڵانــەی کــە بۆ جێــگیرکردن و هاندانــی کرێکاران دراوە، بــە تایبــەت ئەوانــەی لــە کەرتــی نافــەرمیدان، بۆ ئــەوەی بــەشداری لــە بەرنامــەی دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا بکــەن

هەموارکردنەوەکانــی یاســای ژمــارە 39 ی ســاڵی 1971 کــە لــە یاســای ژمــارە 4 ی ســاڵی 2012 دا جێــگیرکراوە، پلانــی خانەنشینــی بۆ کەرتــی نافەرمــی فراوانتر کردووە بۆ ئــەوەی ژمارەیەکــی فراوان لــەو کرێکارانــەی کــە پێشتر دوورخرانــەوە بگرێتــەوە، هــەر لــە جوتیارانــەوە تــا شۆفێری تاکســی، و بــە "خانەنشینــی ئارەزوومەندانــە" نــاودەبرێت. تاکەکانــی ئــەم کەرتــە پێویستــە تەمەنیــان لــە خوار 45 ســاڵەوە بێت بۆ ئــەوەی شــایستە بن. ئەوانــەی ناویــان تۆمــار نــەکردووە هێشتــا دەتوانن بــە پێدانــی بەشدارییــە پێویستــەکان خانــەنشین ببن. کرێکارانــی کەرتــی نافەرمــی پێویستــە مێژووی کارەکانیــان بســەلمێنن، کــە ژمــارەی ســاڵەکانی کارکردنیــان نیشــان بدەن

**نیگەرانییــەکان و گۆڕانکارییــە ئەگەرییــەکان.** چاوپێکەوتنەکانــی زانیاریدەرانــی ســەرەکی کــە بۆ ئــەم ڕاپۆرتــە ئەنجامدراون دانیــان بــەوەدا نــاوە کــە ئــەو سیستەمــەی ئێستــا لــە هەرێمــی کوردستــاندا هەیــە تــەواو نییــە، و پێشبینیــان کردووە کــە حکومــەت و پەرلەمــان بیر لــە گۆڕانکاری بکەنــەوە. بــە توندی پێشنیــار کرا کــە نــابێت خانەنشینــی کــەم بکرێتــەوە، چونکــە ئەگــەر وابکــەن ئــەوا ئەگــەری بەشداریکردنــی خــەڵك لــە پرۆگرامەکــەدا کــەم دەبێتــەوە. بۆ نموونــە لــە هەرێمــی کوردستــاندا پرۆژە یاســایەکی نوێ لەلایــەن وەزارەتــی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتــی - هەرێمــی کوردستانــەوە پێشنیــار کراوە، کــە لــە ســاڵی 2021 ــەوە لای ئەنجومەنــی وەزیران لــە هــەولێر لــە ژێر تاوتوێدایــە. بــەگوێرەی ڕێکاری یاســایی پێویست بــە ڕەزامــەندی ئەنجوومەنــی وەزیران هەیــە پێش ئــەوەی پرۆژە یاســاکە بخرێتــە بــەردەم پەرلەمــان. بــەڵام بــەهۆی بەســەرچوونی دۆخــی پەرلەمانــەوە تــا ئێستــا تاوتوێــی ئــەم پرۆژە یاسایە نــەکراوە. ڕەشنووســە یاســاکە پێشنیــاری ڕەچاوکردنــی پراکتیکــی دەکات، لەوانــەش بەردەستبوونــی ســەرچاوەی مرۆیــی پێویست، ژێرخانــی و پێشمەرجەکانــی دیکــە، هەروەهــا پێشنیــاری هێڵێکــی کاتیــی واقیــعیتر دەکات کــە لانیکــەم ســاڵێك بێت بۆ دەرکردنــی یاســاکە بەشێوەیەکــی تــەواو. لــە پێشبینــی جێبەجێکردنــی یاســای دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا، چاوپێکەوتنــەکان دەریخست کــە پلانــەکان بۆ زیادکردنــی کارمــەندی پشکنــەر لەنــاو حکومەتــی هــەرێمدا لــە ئارادایــە. چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی هەوڵەکانیــان ئــاشکرا کرد بۆ تەیارکردنــی بەشــەکانی پشکنین بــە کەرەستــەی پێشکــەوتوو و پەرەپێدانــی هــاوکاری نێوان بەشــەکان لــە سەرانســەری وەزارەتــە جیــاوازەکاندا، وەك وەڵامدەرەوەیەکــی چاوپێکــەوتن لــە بەڕێوەبەرایەتــی کار لــە هــەولێر ئامــاژەی پێکردووە

تێڕوانینەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر گەشەی بازرگانی بوون نەك ناجێگیری کار. کرێکارانی کشتوکاڵ و خاوەنکارەکان بەردەوامی کەرتەکەیان لە سەرووی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە داناوە، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە پشتیوانی حکومەت، وەك دابینکردنی پەینی کیمیایی، دەتوانێت هاندەر بێت بۆ تۆمارکردنی کرێکاران لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی چاکسازی گرتۆتەبەر بە ئامانجی بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵی هەرێم. لەوانە هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە بازاڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێم، بە بایەخدان لەلایەکی ترەوە بە هەمەچەشنکردن و بەهێزکردنی ئابووری ناوخۆیی. بەرهەمە سەرەکییەکانی وەك هەنار، سێو، ترێ و هەنگوین لە ساڵی 2023 دا چوونە بازاڕە نێودەوڵەتیەکانەوە. دەستپێشخەری هەناردەکردنی کاڵا کشتوکاڵییەکانی کوردستان بەشێکە لە دەستپێشخەری فراوانتری هەناردەکردنی کشتوکاڵی کوردستان، ئەمەش هەوڵێکی ستراتیژییە کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرەپێدانی هەناردەکردنی کشتوکاڵی هەرێم دەستپێکردووە (KRG, 2023)

بە سەرنجدان بەم چوارچێوەیە، بەشداربووانی توێژینەوەکە بۆچوونی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە بایەخی پلانەکە، وە ئایا فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کەرتی نافەرمیدا پشتگیری لە گەشەکردن و بەردەوامیی بزنس دەکات یان نا. زۆربەی بەشداربووانی توێژینەوەکە لە کەرتی کشتوکاڵدا (کرێکاران و خاوەنکاران) ڕایانگەیاند کە بۆ ئەوان پشتگیریکردن بۆ بەردەوامیی کەرتەکەیان گرنگترە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی

حکومەت دەبێت بە چەندین جۆر پەینی کیمیایی پاڵپشتی جووتیاران بکات. ئەمساڵ چەندین جۆری جیاوازمان کڕی، بەڵام سوودیان بۆ زەوییەکانمان نەبوو. پەینە کیمیاییەکە بەسەرچوو بوو و ئەمەش زیانی زۆری لێکەوتەوە. پێویستە حکومەت قەرەبووی ئەوەم بکاتەوە

**چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ خاوەنکارە کشتوکاڵییەکان، دهۆك**

ئەگەر دەست گەیشتن بە شێوازەکانی پشتیوانی بەرهەمهێنان لەلایەن حکومەتەوە جۆرەها پەینی کیمیایی و یارمەتی دارایی و هتد بگرێتەوەو بە تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێتەوە،ئەوا ئەمە دەبێتە هاندانێك بۆ تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ چەندین خێزانی کرێکار لە کەرتی کشتوکاڵدا. خاوەنکارەکان و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی جەختیان لەوە کردەوە کە ڕێبازێکی لەو شێوەیە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی پشت بەخۆبەستن لە کەرتی کشتوکاڵدا. ئەم ڕێبازە وەك ئامرازێك دەبینرێت بۆ بەهێزکردنی کارگێڕی و سەقامگیرکردنی ئابووری کەرتی تایبەت و دروستکردنی پەیوەندییەکی هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و کەرتی کشتوکاڵدا. خاوەنکاران و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی زیاتر ئاماژەیان بەوە کرد کە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەم کەرتەدا گرنگن چونکە کاتێك کرێکارێك کەسێکی دیکە دەبینێت کە خۆی ناونووس کردووە و چێژ لە یارمەتییەکانی خانەنشینی وەردەگرێت، ئەوە پاڵنەرێك دەبێت بۆ ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن. بە بەشێوەیەکی سادە، فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئامانجی بەرزکردنەوەی پێشەنگکاری و دروستکردنی بزنسی کشتوکاڵی زیاتر و هێنانەدی سەقامگیری ئابورییە. باوەڕێك هەیە کە پلانە گشتگیرەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە خانەنشینی و ڕووماڵی تەندروستی باش پێشکەش دەکەن، دەتوانن ئاکاری کارکردن باشتر بکەن، ئاستی هەلی کار لە ناوخۆدا بەرز بکەنەوە و پشتبەستن بە کارە حکومییەکان کەم بکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك لە بەشداربووانی توێژینەوەکە پێیان وابوو کە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی پاڵپشتی گەشەی بازرگانی و بەرهەمهێنان ناکات. گرانی تێچووی ئامێر و پێداویستی کشتوکاڵی و هەروەها داهاتی سنووردار، وا دەکات کەرتی کشتوکاڵ کەمتر قازانج بکات و لە کۆتاییدا کەمتر سەرنجڕاکێش بێت. لەم جۆرە بارودۆخە بازرگانیانەدا، خاوەنکارەکان کەمتر مەیلی ئەوەیان هەیە تێچووی زیادەی بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن لە چاوپێکەوتنەکانی هەرێمی کوردستاندا ٍشێوازێکی جێندەری سەرنجڕاکێش هەبوو، کە ژنە جوتیارەکان پەرۆشی زۆریان بۆ ناو تۆمارکردن لە بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا نیشان دا. ئەوان پەرۆشیی خۆیان دەربڕی و ڕایانگەیاند: "ئەمە شتێکی زۆر گرنگە و ئێمە ئامادەین ناومان تۆمار بکەین، بەڵام

لێره بۆ ئێمــه جێبەجــێ نــەکراوه" لــه کاتــی گـفتوگۆی گروپــی فۆکــەس لــه دهۆك. بــه تایبەتــی ژنانــی جوتیــاران جەختیــان لەســەر بایەخــی جێبەجێکردنــی فەرمــی و حکومــی ئــەم جۆره بەرنامانــه کردەوه لەلایــەن حکومەتــەوه

# 5

## بژاردەی پراکتیکی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ

# بژاردەی پراکتیکی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ

فراوانکردنــی ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی، بەتایبەتــی لەنــاو کەرتــی کشتوکاڵــی نافــەرمیدا، پێویستــی بــە ستراتیژییەکــی گشتــگیر هەیــە. ئەمــەش نــەك تەنهــا هۆشیــاری و ڕێکخستنــی پرۆســەی تۆمــارکردن دەگرێتــەوە، بــەڵکو دارشتنــی سیاســەتەکانی خۆگونجــاندنیش بۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەو ئاستەنگــە تایبەتانــەی کــە ڕووبــەڕووی کرێکاران دەبنــەوە لــە بــەشداریکردن لــە دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی و لەگــەڵ خــاوەنکارەکان لــەم کەرتــەدا، هەروەهــا باشترکردنــی میکانیزمەکانــی جێبــەجێکردن کــە پەیوەندییــان بــە دروستکردنــی متمانــە بــە سیستــەم و ونیشــاندانی شــەفافیەت و لێپرسینــەوەی دارایــی هەیــە

بۆ ئــەوەی کرێکاران هــەست بــە بەشداریکردنــی ڕاستەقینــە بکــەن، ڕێبازێکــی گشتــگیر و سەرتاســەری لەســەر ئاستــی حکومــەت بۆ فراوانکردنــی ڕوومــاڵ بۆ کرێکارانــی کەرتــی کشتوکاڵ زۆر گرنگــە. ئــەم ستراتیژە دەبێت ئامانجــی "بەهێزکردنــی توانــا کارگێڕییــەکان"، "دانانــی پرۆتوکۆڵــی چــاودێری توند"، و "بــە شێوەیەکــی بەرچــاو بەرزکردنــەوەی ئاستــی هۆشیــاری و تێگــەیشتن لــە سوودەکانــی سیستەمــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی" بێت، (چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی لــە عێراقــی فیدراڵ و هەرێمــی کوردستــان). وەڵامەکانــی چاوپێکەوتنــی زانیــاریدەری ســەرەکی ڕەنگدانــەوەی ئــەوە بوون کــە تواناســازی کەرتــی گشتی بۆ هــەموو قۆناغەکانی جێبــەجێکردن زۆر پێویستــە، هــەر لــە ناوتۆمارکردنــەوە تــا پێشکەشکردنــی خزمەتــگوزاری. شــەفافیەت لــە یارمەتییــەکان و بەڕێوەبردنــی دەستەبــەری کۆمەڵایــەتیدا، کــە لەلایــەن سیستەمــی پارەدانــی متمانــەپێکراوەوە پشتــگیری دەکرێت، بۆ دروستکردنــی متمانــە زۆر گرنگــە. باشترکردنــی توانــای دەستگــەیشتن و ئاســانکاری پرۆســەی تۆمــارکردن و داواکردنــی سوودەکان – وەك تیمــە گەڕۆکەکانی تۆمــارکردن و بژاردەی پارەدانــی گونجــاو بۆ کرێکارانــی وەرزیــ ــگشتــگیری زیــاتر دەکات. بەرزکردنــەوەی ئاستــی هۆشیــاری لــە ڕێگــەی ســەردانی مەیدانــی و دابینکردنــی خولــی ڕاهێنانــی ڕاستــەوخۆ بۆ کرێکاران دەتوانێت تــەمومژ لەســەر چەمکــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی لاببات و جــەخت لەســەر بایەخەکــەی بکاتــەوە، ئەمــەش ئاســانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنێکــی قووڵتر و پەسندکردنــی زیــاتر لــە نێوان کرێکاران. ئــەم گەیاندنــی ڕاستەوخۆیــە لــە ڕێگــەی ســەردانی مەیدانییــەوە پابەندبوونــی حکومــەت بــە لەخۆگرتنــی کرێکاران و متمانــە بــەهێز دەکات، هاوبەشــی حکومــەت و ســەندیکا و نوێنــەری کرێکاران پشتــگیری بکرێت. جگــە لــە بەرزکردنــەوەی ئاستــی هۆشیــاری کرێکاران، بیرۆکــەی بەشداریکردنــی ڕێکخراوەکانــی کرێکاران و خــاوەنکارەکان لــەم ســەردانە مەیدانییانــەدا ڕێگــە بۆ پێشخستنــی لێپرسینــەوە خۆش دەکات

### پێشنیارەکانی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ

چارەسەرە ئەگەرییە تایبەتەکان بە کەرتی کشتوکاڵ ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە نین:

- ئەنجامدانــی ســەردانی مەیدانــی بــۆ ناوچــە گوندنشینەکان و لادێکان بــۆ پەیوەنــدی ڕاستــەوخۆ لەگــەڵ کرێکارانی کشــتوکاڵ. ئەمــەش زانیــاری و یارمەتییــان پێــدەدات ســەبارەت بــە چۆنیەتــی نــاو تۆمارکــردن بــۆ دەســتەبەری کۆمەڵایەتــی. ئــەم ڕێبــازە جەماوەریــە دەتوانێــت یارمەتیــدەر بێــت بــۆ زاڵبــوون بەســەر کێشــەکانی متمانــە، زیادکردنــی شــەفافیەت و لێپرســینەوە و چارەســەرکردنی بەربەســتی زانیارییــەکان.
- ئاســانکردنی پرۆســەی تۆمارکــردن بــە پێشکەشــکردنی بــژاردەی تۆمارکــردن بــە ئۆنلایــن یــان تۆمارکردنــی گــەڕۆك بــۆ گەیشــتن بــە خەڵکێکــی فراوانتــر، بەتایبەتــی کرێکارانــی ســەربەخۆ و ئەندامانــی بەشــداربووی خێــزان لــە کەرتــی کشــتوکاڵ کــە دەستگەیشــتنیان بــە یەکەکانــی بەڕێوەبردنــی دەســتەبەری کۆمەڵایەتــی بەزۆری ســنووردارە. بــە لەبەرچاوگرتنــی ئاســتی نزمــی خوێنــدن لــە نێــو ئــەو کرێکارانــەدا، چارەســەرە ئۆنلایــن و دیجیتاڵییــەکان بــۆ بەشــداریکردنی دەســتەبەری کۆمەڵایەتــی (بــۆ نموونــە تۆمارکــردن و ناوتۆمارکــردن، چاودێریکردنــی مێــژووی تۆمارکــردن) دەبێــت بــە شــێوەیەکی ژیرانــە بێــت و ئاســان بەکاربێــت، و ڕێنمایــی ڕوونــی لەگەڵــدا بێــت. هــاوکات لەگــەڵ ئەوەشــدا، پێویســتە لــە هــەر هەنگاوێکــی بەشــداریکردنی دەســتەبەری

کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە تۆمارکردن و ناوتۆمارکردن، چاودێریکردنی مێژووی تۆمارکردن) دەبێت بە شێوەیەکی ئاسان و بەکارهێنەر دۆستانە بن، و ڕێنمایی ڕوونی لەگەڵدا بێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە لە هەر هەنگاوێکی بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا پشتیوانی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پێشکەش بکرێت بۆ دڵنیابوون لە هاوکاری و لێکتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە

- ناساندن و پەیڕەوکردنی دەستگەیشتنی گونجاوتر بە کارمەندانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کارئاسانکردنی شێوازی کاری کەرتی کشتوکاڵ. ئەمە لەوانەیە پێشکەشکردنی کاتی کارکردنی درێژتر یان گونجاوتر بۆ ناو تۆمارکردن بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ بگرێتەوە بۆ ئەوەی دەستیان بە خزمەتگوزاری کارگێڕی ڕابگات. هەروەها ڕەنگە دامەزراندنی یەکەی گەڕۆکی تۆمارکردن و یەکەی خزمەتگوزاری کرپار کە سەردانی ناوچە دوور و گوندنشینەکان بکەن لە بەر چاو بگیرێت. ئەم یەکە گەڕۆکانە دەتوانرێت لە پێشانگە کشتوکاڵییەکاندا دابنرێن و لەگەڵ ڕێنمایی کشتوکاڵی و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان تێکەڵ بکرێن، ئەمەش چارەسەرێکی یەك وێستگەی گونجاو بۆ کرێکارانی کشتوکاڵی دابین دەکات.

- ڕێکخستنەوەی شێوازەکانی بەشداریکردن (ڕێژە، دووبارەبوونەوە، ماوەی چاوپۆشی و هتد) بۆ گونجاندنیان لەگەڵ کاتی نادیار و ناجێگیری داهاتی کشتوکاڵی، لەوانەیە ئاسانکاری بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ بکات کە پابەند بن بە ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. گۆڕانکارییە ئەگەرییەکان لەوانەیە بریتی بن لە ڕێگەدان بە پارەدانی سێ مانگی (هەر سێ مانگ جارێك)، چالاککردنی بەشداریکردن لە کاتی یان پاش وەرزی پڕ داهات، کاتێك ئەگەری ئەوە هەیە جوتیاران داهاتێکی پارێزراوتریان هەبێت، یان سیستمی " بڕۆ و پارە بدە (pay-as-you-go')" بەرەو یەك گوژمەی ساڵانە (بۆ نموونە کرێکارانی کشتوکاڵی دەتوانن ئەوە هەڵبژێرن کە لە ماوەی وەرزی پڕ داهاتدا پارەی زیاتر بدەن و لە وەرزی کەم داهاتدا یان لە ئەگەری کارەساتی کشتوکاڵیدا بە هیچ شێوەیەك پارە نەدەن). بەڵام وا پێشنیار دەکرێت کە کاری زیاتر لەسەر دارشتنی بژاردەکانی سیاسەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ناو تۆمارکردنی کرێکارانی کشتوکاڵی نافەرمی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دارشتنی شێوازەکانی بەشداریکردن و سیناریۆی تێچوونەکان ڕابسپێردرێت. هەروەها پێشنیار دەکرێت کە بژاردە پێشنیار کراوەکان بۆ دیاریکردنی باشترین چارەسەری شیاو تاقی بکرێنەوە.

- ڕەچاوکردنی بژاردەکانی فراوانکردنی دەستگەیشتنی کرێکارانی کشتوکاڵی نافەرمی بە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیەوە کە سروشتی مەترسیداری کار باشتر دەکەن، لەوانە بیمەی تەندروستی، یارمەتی نەخۆشی، یارمەتی بەرکەوتنی پیشەیی و دەرماڵەی کەمئەندامی. لە کاتێکدا کە ڕەنگە دەستگەیشتنی دەستبەجێ بە هەموو ئەو سوودانەی سەرەوە نەتوانرێت پیادە بکرێت، دەبێت ڕێنمایی پۆلێنبەندی پێشکەوتووانە، یان ڕێنمایی سوودی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت.

- دەستنیشانکردنی هاوکاری و دروستکردنی پەیوەندی بەهێزتر لە نێوان دەستگەیشتن بە سامانی بەرهەمهێنان (وەك تۆو، پەین و ئاژەڵ) و خزمەتگوزارییەکان (قەرزی ئاسان، یارمەتی بۆ سامانی بەرهەمدار و خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی) کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە جۆرە جیاوازەکانی بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی دەکرێن (بۆ نموونە هەرەوەزییە گەورەکان، جوتیارانی ڕووبەری بچووك و جوتیارانی خێزان) و ناو تۆمارکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا لەوانەیە هاندەر بێت بۆ ئارەزووی بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. بەڵام دەبێت ئەوە مسۆگەر بکرێت کە مەرجەکانی سوودمەندبوون لە دەستگەیشتنی باشکراو بۆ ئامێر و خزمەتگوزارییە بەرهەمدارەکان ڕوون دەبێت

پشتگیریکردن لە هاوبەستەیی و هاوڕیزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەك کشتوکاڵدا، ڕێبازێکی ناسراوە کە زۆرجار پێی دەگوترێت "پاراستنی کۆمەڵایەتی پڵەس". لە کەرتی کشتوکاڵدا، بە گەڕان بەدوای یەکگرتن و یەکگرتوویی سیاسەت لە نێوان پاراستنی کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی بەرهەمدارانداا، ئەم ڕێبازە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەت و بەرنامەکان بەهێزتر بکات کە ئامانجیان کەمکردنەوەی هەژاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییە، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکانە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یەکگرتوویی و ئاوێتەکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی کشتوکاڵی، سەیری: ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ بکە. 2021. فراوانکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ دانیشتوانی گوندنشین: دیدگاکان بۆ ڕێبازێکی هاوبەشی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی. جنێڤ. https://doi.org/10.4060/cb2332en

بۆ هەموو لایەنە جیاوازەکانی کرێکار و خاوەنکاران لە کەرتی کشتوکاڵدا و پەیوەست دەکرێت بە بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا و بە یەکسانی دەستیان پێیدەگات.

- ڕێبازێکی گونجاوتر بۆ فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کشتوکاڵ پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاری بەهێزتر هەیە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارە کەرتییەکان (هەم لە عێراقی فیدراڵ و هەم لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا). ئەمە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و هەروەها کۆمەڵە و هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکانی ئێستا دەگرێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هاریکاری و یەکگرتوویی لە نێوان بەرنامەکانی ئێستا بۆ کەرتە کشتوکاڵییەکان کە لەلایەن وەزارەتەکانی ئەم کەرتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە جێبەجێ دەکرێن، لەگەڵ ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا

- چالاککردن و پشتگیریکردن لە ڕێکخستنی کرێکارانی کشتوکاڵی بۆ ناو سەندیکاکان، کۆمەڵەکان، هەرەوەزییەکان، قوتابخانە مەیدانییەکان و گروپەکانی خۆبەخشی، جا پێویست بە تۆمارکردنی فەرمی بکات یان نا، نوێنەرایەتیکردنیان بەرز دەکاتەوە و توانای سەودای بەکۆمەڵ دروست دەکات. سەندیکا و کۆمەڵەکانی تایبەت بە کەرتێکی دیاریکراو دەتوانن وەك پردێك لە نێوان حکومەت و تاکە کرێکاری کشتوکاڵیدا خزمەت بکەن. لە لایەکەوە دەتوانن حکومەت لە پێداویستی و کۆتەکانی تایبەت بە کرێکارانی کشتوکاڵی ئاگادار بکەنەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ زاڵبوون بەسەر بێمتمانەیی بە حکومەت و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کرێکاران سەبارەت بە دەستپێشخەرییە نوێیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

## پێشنیاری گشتی

- ئاسانکردنی پرۆسەی کارگێڕی پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی (لە تۆمارکردن و ناونووسکردنەوە، لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی بەشدارییەکان و مێژووی بەشداریکردن، تا دەستگەیشتن بە یارمەتییەکان و پێشکەشکردنی سکاڵا و تانە) بۆ کرێکاران و خاوەنکارەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵییەوە لەوانەیە پێویست بێت، بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی پێشبینیکراو لە تۆمارکردن بەهۆی فراوانبوونی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەوانەیە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تایبەت (وەك بلۆکچەین (blockchain)) پێشنیار بکرێت بۆ دڵنیابوون لە بەدواداچوونی کارەکان لەلایەن کرێکار و خاوەنکار و بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە، بە مەبەستی بەرپرسیارێتی و چاودێریکردن.

- لە کاتێکدا کە ڕەنگە بەئۆتۆماتیکیکردن و دیجیتاڵکردن ئاستی کارایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەرز بکاتەوە، کارلێکی مرۆیی لە پێشینەی کارەکاندا دەمێنێتەوە لە پشتیوانیکردنی کرێکاران و خاوەنکارەکان لە تێگەیشتن لە ماف و ئەرکەکانیان بەپێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. دامەزراندنی ئۆفیسی کارمەندی پێشەوە، هێڵی گەرم و/یان خزمەتگوزارییەکانی یارمەتی یاسایی بۆ کرێکاران و خاوەنکارەکان ئەگەری زۆرە تێگەیشتنیان لە پابەندییەکانیان، مافەکان و شایستەکانیان باشتر بکات، و هەندێك هەنگاو بە درێژایی پرۆسەی جیاوازی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاسان بکات.

- پێداچوونەوە بە پێوەرەکانی دەرکردن لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە کاتی تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئاسایشی داهاتی هەندێك پۆلی کرێکارانی سەربەخۆ، کرێکاری خاوەنکاری خۆی و کرێکاری نافەرمی گەرەنتی بکرێت، کە زیاتر لەوە دەکات کرێکاری هەژار بن. بەڕوونی جیاوازیکردن لە نێوان ماف و شایستەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی تاك و خێزان و دەستەبەرکردنی ماوەیەکی پێویست بۆ کرێکاران بۆ گواستنەوە لە یارمەتی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سەرنجڕاکێشی ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ڕێگری دەکات لەوەی تاك و خێزان بکەونە ناو هەژاری و بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، وەك لە ڕێککەوتننامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (کەمترین ستانداردەکان)ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ساڵی 1952 (ژمارە 102) و لە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، 1966 دا دەستەبەر کراوە. وەك هەنگاوی یەکەم، گرنگە لەوە تێبگەیت کە گواستنەوەی پێشکەوتووانە لە یارمەتی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکانی بەسەر هەژاری و کار و توانای دەستکەوتنی کار و خۆڕاگری کرێکار و خێزان لەهەمبەر مەترسییەکانی سووڕی ژیاندا چیە. ئەمەش خەمڵاندنی تێچوون و سوودەکانی پەیوەست بە ماوەی تێکەڵبوونی بەشداریکردن و دیاریکردنی بۆشایی دارایی بەردەست دەگرێتەوە.

- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی توانای پێدانی دەستەبەری بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی درێژخایەنی سیستەمی خانەنشینی و بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگاریانەی کە دەستنیشانکراون، وەك کورتهێنانی پێشبینیکراو لە سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونە داراییەکەی، زۆر گرنگە. ڕوونی و شەفافیەت لە پرسە سەرەکییەکاندا زۆر گرنگن بۆ خەڵك لەبارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرچاوی ڕوون بێ، وەك:

  - بەشداربووان چەند پارە دەدەن؟
  - کەی وە چەند پارەی دەستەبەر وەردەگرنەوە؟
  - بە چ هۆکارێک و بە چەند لە ڕێگەی سامانی گشتیەوە پارەدار دەکرێت؟
  - مەترسییەکانی چین؟

- پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بە کاریگەریی یاسا نوێیەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن گرتنەخۆی ژمارەی زۆری کرێکارانی نافەرمی کاریگەری لەسەر ڕووماڵکردنی مەترسی کۆکراوە لە پارەی سندوقی ئێستادا دەبێت، چونکە ئەم ئەندامە نوێیانە پێگەی گشتی پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئێستا لە توانای پێدانی دەستەبەر دەگۆڕن. مشتومڕی گرنگی سیاسەت لەسەر ئەوەی کە حکومەت چۆن قەرەبووی کورتهێنان بکاتەوە (لە کامە داهات، و لەسەر حیسابی چی) و چۆن یارمەتیدەر دەبن بۆ پاراستنی پێگەی بەشداربووانی خاوەن کرێی کەم و پچڕپچڕ کە دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف بەڕێوە بچێت.

- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی حکومەت و خاوەنکاران و کرێکارانە. دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەك بەشێکی دانەبڕاو لە کاری شایستە بەشداری لە پاراستن و پێشخستنی مافەکانی کرێکاران دەکات. بە هەمان شێوە، دەستەبەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامبوونی کارگە و گەشەی ئابووری بە کار گەیشتن. پێویستە گفتوگۆی کۆمەڵایەتی سێ لایەنە باشتر بەکاربهێنرێت بۆ فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی بەگشتی و بۆ کرێکارانی نافەرمی لە کەرتە دیاریکراوەکاندا. سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران دەبێت لە نزیکەوە بەشداری بکەن لە تاوتوێکردنی بژاردەکانی فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی. بەشداریکردنی ئەوان زۆر گرنگە بۆ باشترکردنی دەستگەیشتن بە سوودە نوێیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی بژاردەکانی سیاسەت و چارەسەری کارگێڕی، تێگەیشتن لە تێچوونەکان و پێشنیارکردنی چارەسەری دارایی.

- چارەسەرکردنی بێ متمانەیی لە هەردوودارێژەرانی سیاسەت (و حکومەت بە گشتی) و لە بەڕێوەبەرانی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی) زۆر گرنگە، هەروەها چارەسەرکردنی نیگەرانییەکان سەبارەت بە سەقامگیری سیاسەتەکانی حکومەت زۆر گرنگە. شەفافیەت لە بڕیاردان، لەوانەش بەڕێوەبردنی سندوق، و پەیوەندی بەردەوام دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دروستکردنی متمانە بە تێپەڕبوونی کات.

- سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەم ڕێکخراوانە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوخۆیی لە هەوڵەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگادا بەشدارن، زۆر گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بۆ ئاسانکاری هەوڵەکانی گەیاندن و پەروەردە سەبارەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەنێو کرێکارانی نافەرمیدا. ئەو تۆڕانەی کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاستی کۆمەڵگادا هەیانە و متمانەپێکراوییان لە ناو کۆمەڵگاکاندا دەتوانن یارمەتیدەر بن لە گەیشتن بەو کرێکارانەی کە دەستگەیشتن پێیان زۆر سەختە و بۆ زاڵبوون بەسەر بێمتمانەیی بە دەستپێشخەرییەکانی حکومەت.

# 6

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

Angel-Urdinola, D. F. and Tanabe, K. 2012. Micro-Determinants of Informal Employment in the Middle East and North Africa Region. World Bank.
Araji, S. and Fakih, A. 2019. Employment Profile and Challenges of the Private Sector in Iraq. Economic and Social Commission for Western Asia (ESCWA), E/ESCWA/EDID/2019/WP.17.
Assaad, R. 2014. "Making Sense of Arab Labor Markets: The Enduring Legacy of Dualism." IZA Journal of Labor & Development 3(6).
CSO (Central Statistical Organization), KRSO (Kurdistan Region Statistics Office) and ILO. 2022. Iraq Labour Force Survey 2021.
ESCWA (United Nations Economic and Social Commission for Western Asia). 2024. Annual Digest of Social Protection Reforms in the Arab Region, 2023.
Hertog, S. 2022. "Segmented Market Economies in the Arab World: The Political Economy of Insider–Outsider Divisions." Socio-Economic Review 20(3): 1211–1247.
ILO. 2011. Safety and Health in Agriculture.
———. 2021. A Diagnostic of the Informal Economy in Iraq. ILO Regional Office for Arab States.
———. 2023a. Policy Brief Social Dialogue and Decent Work in the Agriculture Sector.
———. 2023b. Resolution I: Resolution concerning statistics on the informal economy. 21st International Conference of Labour Statisticians, ICLS/21/2023/RES. I.
Jongerden, J., Wolters, W., Dijkxhoorn, Y., Gür, F. and Öztürk, M. 2019. "The Politics of Agricultural Development in Iraq and the Kurdistan Region in Iraq (KRI)." Sustainability 11(21): 5874.
Kazem, H. L. 2022. Controversies of Social Protection, Social Security, and Employment in Iraq. ILO.
Nimeh, Z., Kool, T. A. and Heins, G. 2023. Social Insurance from A Regional Perspective: Egypt, Jordan, and Tunisia. ERF Working Paper Series, No. 1660.
The Official Gazette of Iraq. 2023. The Law of Pension and Social Security for Workers No. 18 of the Year 2023 (4734). Ministry of Justice.
UNESCO. 2019. Agriculture (Assessment of the Labour Market & Skills Analysis: Iraq and Kurdistan Region-Iraq).
World Bank. 2018. Jobs in Iraq: A Primer on Job Creation in the Short Term.

# پاشکۆ 1

### خشتەی 3. دابەشکردنی کرێکاران لە کەرتی کشتوکاڵی تایبەت بەپێی پیشەسازی لاوەکی (لە ئاستی دوو ژمارەییدا) بەپێی پۆلێنکردنی پیشەیی و سروشتی نافەرمی بازرگانی.

| | | | کۆی گشتی فەرمانبەران | | کرێکارانی نافەرمی (بە ژمارە) | | ڕێژەی سەدی کرێکارانی کەرتی نافەرمی (%) | | دابەشکردنی ڕاست (%) | تێکرای تەمەن (ساڵ)ی کرێکارانی نافەرمی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پسپۆڕی لاوەکی دوو ژمارەیی | پسپۆڕی لاوەکی دوو ژمارەیی | پسپۆڕی لاوەکی دوو ژمارەیی | پیاوان | ئافرەتان | پیاوان | ئافرەتان | پیاوان | ئافرەتان | پیاوان | پیاوان | ئافرەتان |
| عێراقی فیدراڵی | خاوەن کارە تایبەتەکان | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 241 235 | 15 923 | 231 571 | 15 923 | 96 | 100 | 97 | 44 | 44 |
| | | ماسیگرتن و کشتوکاڵی ئاوی | 8 251 | 0 | 8 251 | 0 | 100 | 0 | 3 | 34 | 0 |
| | کرێکارانی بەشداربووی بێ مووچە لە خێزانەکەدا | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 120 727 | 91 053 | 120 727 | 91 053 | 100 | 100 | 98 | 27 | 35 |
| | | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 2 218 | 0 | 2 218 | 0 | 100 | 0 | 2 | 27 | 0 |
| إقلیم کوردستان | خاوەن کارە تایبەتەکان | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 35 579 | 5 273 | 34 040 | 5 195 | 96 | 99 | 96 | 48 | 46 |
| | | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 1 367 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 0 | 0 |
| | کرێکارانی بەشداربووی بێ مووچە لە خێزانەکەدا | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 18 266 | 20 669 | 18 266 | 20 669 | 100 | 100 | 99 | 23 | 42 |
| | | بەرهەمهێنانی بەروبووم، بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، ماسیگرتن و چالاکییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان | 223 | 0 | 223 | 0 | 100 | 0 | 1 | 15 | 0 |

نووسینگەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە عێراق
کەمپی نەتەوە یەکگرتووەکان
بەغدا، عێراق
ئیمەیڵ: iraq@ilo.org